# ڕەوشی خوێندن و فێرکردن لەناوچەی پشدەر(١٩٥٨-١٩٨٩)

## (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی)

دارا تۆفیق کاکەئەمین[1] ، محمد ئەحمد ڕەسوڵ[2]

بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەرین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

خوێندن و پەروەردەو فێرکردن، بەیەکێک لەگرنگترین هۆکارەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵگاکان دادەنرێت،چونکە کاریگەری لەسەر تەواوی لایەنەکانی تری ژیان دەبێت، زۆربەی دەوڵەت و کۆمەڵگە پێشکەوتوەکان ئەو بوارەیان خستۆتە ریزی پێشەوەی خزمەتەکانیان و بایەخیکی زۆری پێدراوە، لەبەرئەوەی سەرکەوتن لەولایەنەدا سەرکەوتنە لەتەواوی کایەکانی ژیان.

ناوچەی پشدەر بەهۆی ئەوەی ناوچەیەکی دابڕاوی سەرسنوری بوە، تاماوەیەکی زۆر جگە لەخوێندنی ئایینی کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی وبێبەرنامە بەڕێوەچوە هیچ قوتابخانەیەکی تێدانەبوە، بۆئەوەی زیاتر خەڵکی ناوچەکە فێری خوێندن وخوێندەواری ببێت؛ ئەوەش وایکردبو ڕێژەیەکی زۆری نەخوێندەوار بێت، بەڵام دوای شۆڕشی (١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨) و گۆڕانی سیستەمی حوکمڕانی لە پادشاییەوە بۆ کۆماری بواری خوێندن لەلایەن میرییەوە گرنگی زیاتری پێدراوە، هەرچەندە بەشێکی زۆری ناوەندەکانی خوێندنی ئایینی نەمان، بەڵام خوێندنی سەردەم بەرەبەرە جێگەی گرتنەوە.

بەهۆی ئەوەی پشدەر بەردەوام جێگەی هێزە شۆڕشگێڕەکان بوە، حکومەتە یەک لەدوایەکەکانی عێراق هەمیشە ڕێگربون لەگەشەسەندنی بواری خوێندن و فێرکردن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ساڵ لەدوای ساڵ هەتاوەکو ساڵی (١٩٨٩) ڕووەو گەشەکردن هەنگاوی ناوە و ڕێژی نەخوێندەواری بەرەبەرە کەمبۆتەوە، خەڵکی ناوچەکە گرنگی زیاتریان بەفێربون داوە، ئەوەش بۆتەهۆی ئەوەی ئەو دواکەوتوییە کۆمەڵایەتییەی ساڵانی پێشوتر هەبوە کاڵبێتەوە و تەنانەت کچانیش بچنە ناو قوتابخانەکانەوە وبەرەو کرانەوەی زیاتر هەنگاوبنێن، کە لەئەنجامدا بۆتەهۆی هەڵکەوتنی چەندان کەسی ئەدیب و ڕۆشنبیر لەتەواوی بوارە جیاوازەکاندا.

**کلیلە وشەکان:**

فەقێ، مەلا، حوجرە، خوێندن، قوتابی، مامۆستا.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(2).Paper5
**Received:** 12-July-2021
**Accepted:** 9-August-2021
**Published:** 29-March-2022
**Corresponding Author's E-mail:**
daratofiyq@uor.edu.kud
mohamed.ahmed@uor.edu.krd
**Copyright**©2022 Journal of Raparin University.

## پێشەکی:

خوێندن و خوێندەواری و فێرکردن، ئەو بوارەی لەهەرکاتێک و قۆناغێک باســـی لێوەبکەین کاتێتی، چونکە نەنوێیە و نەکۆنە. ئەو بوارەی لەهەر کۆمەڵگایەک و لەناو هەر گەل و نەتەوەیەک، ئەگەر بەزمانێکی ســـادەش گوزارشـــتی لێبکەی هۆکارێکە بۆ پێشـــکەوتن و هۆشـــیاری و دەبێتە هۆکارێکی خۆشـــگوزەرانی وئارامی ولێکتێگەیشـــتن و ئاســـودەیی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە جیاوازەکان، جگە لەفەراهەمکردنی ژیانێکی بەختەوەر، بەهەمان شێوە داهاتویەکی باشتر بۆ نەوەکانیش مسۆگەردەکات.

زانست و زانیاری کە زادەی خوێندەوارین، کۆمەڵگایەکی تەندروست و ئارام و پڕلە ڕەفاهیەت و یەکسان بۆ هەمو بوارەکانی تری ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی فەراهەم دەکات و هۆکارێکی گرنگیشـــە بۆ پێشـــکەوتنی گەلان، تەنانەت هەڵســوکەوتی ڕۆژانەش لەنێوانی تاکەکانی کۆمەڵگە ڕێکدەخات، ئەگەر ســەیری هەر ئایینێکیش بکەین بەئاسـمانی و نائاسـمانی بەگرنگی زۆرەوە باسـی خوێندن و فێرکردنیان کردوە، کە دەشـزانین ئایینەکان بۆ پێشڕەوایەتی و ڕۆشنگەرایی ژیانی مرۆڤەکان هاتونەبون.

خەڵکی پشـــدەر بەردەوام هەوڵی فێربون و شـــارەزابونی لەئایینی ئیســـلامداوە، بۆئەوەی زیاتر شـــارەزای ئایینەکەی ببێت، بۆئەوەش هانی منداڵەکانیان داوە بچنەبەر خوێندنی ئایینی، بۆئەوەی لەو دواکەوتوە کۆمەڵایەتییەی ناوچەکەی گرتبۆوە دەربازببن، چونکە پێیانوابوە تەنها لەڕێگەی خوێندن و فێرکردنەوە دەتوانن بەسەر ئەو دۆخەدا زاڵبن. بەتایبەت دوای ســـەرهەڵدانی شـــۆڕشـــی (١٤ی تەموزی ١٩٥٨) کە دۆخێکی باشـــتر و گونجاوتر لەتەواوی عێراق هاتۆتەئاراوە، خەڵک ئاسانتر توانیویانە سود لەقوتابخانەکان وەربگرن، بەتایبەت لەپشدەر بەهۆی لاوازبونی چینی دەرەبەگ (ئاغا) دەرگای قوتابخانەکان زیاتر لەبەردەم خەڵک کراونەتەوە و لەبەشـــێکی گوندەکان قوتابخانە کراونەتەوە. هەرچەندە دواتر بەهۆی شـــۆڕشـــی ئەیلولەوە (١٩٦١) حکومەتی عێراق کەوتۆتە دژایەتی کورد و بەشێکی زۆری قوتابخانەکانی لەزۆربەی کوردستان و بەتایبەت گوندەکان داخستوە، بەڵام ناوچەی پشدەر زیاتر لەجاران لەبواری خوێندن و فێرکردن هەنگاوی بەرەو کرانەوە ناوە.

بەگشتی توێژینەوەکە دو باسی سەرەکی لەخۆگرتوە، باسی یەکەم: دامەزراوە ئایینیەکان ڕۆڵیان لەبواری ڕۆشـــنبیری و خوێندن وپەروەردەدا کە پێکهاتوە لە: (قۆناغەکانی خوێندنی ئایینی، ئاهەنگی تەواوکردنی فەقێیەتی، پۆشـــاکی فەقێ، داهاتی حوجرەو فەقێ، هۆکاری لاوازی و لەناوچونی حوجرەکان)، باســـی دوەمیش خوێندنی فەرمی لەپشدەر ڕوندەکاتەوە، کە پێکهاتوە لە (کاریگەری شۆڕشی١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لەسەر بواری پەروەردە و خوێندن، خوێندنی فەرمی پشدەر لەنێوان ساڵەکانی (١٩٥٧-١٩٦٥)، (١٩٦٥-١٩٧٥)، (١٩٧٥-١٩٨٩)، سیاسەتی حکومەت لەبارەی خوێندن و پەروەردە و فێرکردن لەناوچەکە)، بەوردی شیکراوەتەوە.

## گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە مێژویەکی نادیاری بواری خوێندن و فێربون لەناوچەیەکی دیاریکراو دەردەخات کە تائێستا بەشێوەیەکی زانستی ورد لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام نەدراوە، بەتایبەت لەنێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٨٩) بەتەواوی ئەولایەنە فەرامۆش کراوە، جگە لەوەی بەشـــێوەیەکی کەم و نازانســـتی لەهەندێک بڵاوکراوە بەچەند پەڕەگرافێک باسکراوە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە تەواوی لایەنە نادیارەکانی خوێندن و فێرکردن بە هەردو جۆری فەرمی و نافەرمی دەخاتەڕو.

## هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:

توێژینەوە لە ڕەوشـــی خوێندن و فێرکردن لەناوچەی پشـــدەر (١٩٥٨-١٩٨٩) لەوەوە ســـەرچاوەدەگرێت کە تائێستا بەشێوەیەکی زانستی ورد لێکۆڵینەوە لەسەرئەم بابەتە و ئەو ماوە مێژویەیی بۆ توێژینەوە دەستنیشان کراوە ئەنجام نەدراوە، جگەلەوەی بەشـــێوەیەکی کەم و نازانســـتی لەهەندێک بڵاوکراوە بەچەند پەڕەگرافێک باســـکراوە. لەبەرئەوە ئەو بابەتەمان هەڵبژاردوە تاوەکو زانیاری زیاتر بخەینەڕو لەســـەر ڕەوشـــی خوێندن و فێرکردنی ناوچەکە و لەفەوتان و لەبیرچونەوە بیانپارێزین.

## گرفتی بەردەم توێژینەوە:

زۆربەی کات توێژەر ئەگەر بەشـــێوەیەکی چڕوپڕ هەوڵی دەرخســـتی تەواوی زانیارییەکان بدات لەســـەر لایەنێکی مێژوی زۆرجار ڕوبەڕوی کۆمەڵێک گرفت دەبێتەوە، بەتایبەت ئەگەر توێژینەوەکە لەســـەر لایەنی شارستانی و کۆمەڵایەتی بێت. لەو توێژینەوەیەشدا ئەو گرفتانە زۆر زیاتربون، چونکە ناوچەی پشدەر چەندان جار توشی ڕاگواستن و وێرانکاری و شەڕ بۆتەوە، کە ئەوەش بوەتە هۆی لەناوچونی بەشێکی زۆری بەڵگە و زانیارییەکان و کەمی سەرچاوەی پێویست، جگە لەئامارە حکومییەکان لەسەر خوێندن و فێربونی ئەو ناوچەیە ئەویش بەناتەواوی.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لە لێکۆڵینەوە زانستیەکاندا چەندین ڕێبازی زانستی بەکاردەهێنرێت بۆئەوەی زیاتر زانیارییەکان شیبکرێنەوە و ڕونتربن، لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەریەکە لەڕێبازەکانی: (مێژوی، وەسفی، بەراوردکاری، زارەکی) بەکارهاتوە.

## ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

١-گرنگیدانە بە زیاتر ئاشـــناکردنی خوێنەر بۆ چۆنیەتی بەڕێوەچونی شـــێوازەکانی خوێندن و فێرکردنی ناوچەکە لەپێش سەرهەڵدانی خوێندنی فەرمی و دوای سەرهەڵدانی قوتابخانەکانیش.

٢-دەرخســـتنی ڕۆڵ و کاریگەری هەردو جۆری خوێندنی (ئایینی و فەرمی) لەســـەر تاکەکانی ئەو ســـەردەمەی پشدەر و کرانەوەیان و گۆڕانکارییەکانی ژیانیان و کەمکردنەوەی نەخوێندەواری و درککردن بەجیاوازیەکانە.

## باسی یەکەم: دامەزراوە ئایینیەکان و ڕۆڵیان لەبواری ڕۆشنبیری و خوێندن و پەروەردەدا:

بەهۆی ئەوەی ئایینی ئیســـلام گرنگی زۆری بەخوێندن داوە، چونکە شـــارەزابون لەبنەماکانی ئایینەکە و کتێبە پیرۆزەکەی بەهۆی خوێندەوارییەوە بوە، لەو ڕوانگەیەوە زۆربەی دانیشـــتوانی باشـــوری کوردســـتان پەیڕەوی ئەو ئایینەبون و خوێندنی ئایینیان لەحوجرەکانەوە ئەنجام داوە، کە تاکە ڕێگەی بڵاوبونەوەی خوێندەواری بوە(کاکەســـور، ٢٠٠٣: ٤)، ئیســـلامش هەر لەســـەرەتاوە فێرکردنی بەمافێک خەڵک زانیوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی کەلتوری: (کۆمەلایەتی، ئابوری)(مێهرئارا، بێ ساڵی چاپ: ١١٧).

لەبەرئەوە حوجرەکان ماوەیەکی زۆر تاکە مەڵبەندی فێربونی خوێندەواری و زانســـت بون.(ئەمین، ٢٠٠٧: ١٥٣)، پێش ســـەرهەڵدانی قوتابخانە فەرمییەکان و دواتریش ڕۆڵی خۆیان لەدەســـت نەداوە.(حوســـێن، ٢٠١٠: ٢٥٤)، و ســـەرچاوەی پەروەردەیی تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگە و بڵاوکردنەوەی ڕۆشـنبیری و ڕاسـتکردنەوەی هەڵەو لابەری گومانە ئەفسانەییەکان و پێگەیاندی خەڵک بون.(باپیر، ١٩٩٩: ٤٣-٤٤).

لەپاڵ مزگەوتەکان شـــوێنێک دروســـتکراوە پێیان گوتوە قوتابخانەی ئایینی (حوجرە)[1]، کە لەلایەن مامۆســتایانی ئایینیەوە بەڕێوەبراون، خوێندنی ئایینی لەحوجرەکانی کوردســتاندا هاوشـێوە بوە، بۆیە دەکرێت باســی خوێندنی حوجرە بەســەر زۆربەی کوردســتاندا گشــتگیربکرێت(مەجید، ٢٠١٢: ٢١٢)، لەگەڵ ئەوەشــدا لەپشدەر تایبەتمەندی خۆی هەبوە، چونکە تاساڵی (١٩٣٨) قوتابخانەی فەرمی نەبوە (نورەدینیی،٢٠٠٤: ٦).

بەڵام، حوجرەکان ئەو بۆشـایەیان پڕکردۆتەوە (ئەمین، ١٩٧٧: ١٤). تەنانەت وتویانە: ((هەر ئاوایی و شـوێنێک مەلاو حوجرەی نەبێت وەک چۆڵەوانی وایە)) (کامەمین،٢٠١١: ١٠١). بەگشـــتی وەک پەیمانگایەکی خوێندن و فێرکردن وابون، کە منداڵان تێیاندا فێری خوێندن و نوسین و بنەماکانی ئیسلام و زانیاری بیرکاری و ڕێزمان کراوە(نورەدینیی، ٢٠٠٤: ٧)، لەهاندان بۆ زانست و زانیاری ڕۆڵی گرنگیان بینیوە، چەندان کەس لەحوجرەکاندا بەشـێوەیەکی زۆرباش پێگەیشـتوە، کە دواتر ئەوانیش بونەتەوە هۆکاری ئەوەی کۆمەڵگە زیاتر لەڕوی زانست و زانیاری بەتایبەتی لایەنی ئایینی زیاتر گەشـەبکات(ڕەسـوڵ،٢٠٠٩: ٢٩-٣٣)، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ناوەڕاسـتی چلەکانیش دەبینین لەســالی (١٩٤٧)دا (٧٦) حوجرە لەپشــدەر هەبوە، واتە لەزۆربەی گوندەکان حوجرە هەبوە (احصـــاء، ١٩٤٧، ١٨٣)، بەڵام لەســـالی (١٩٥٧) کەمبونەتەوە بۆ (٤١) حوجرە (احصـــاء، ١٩٥٧: ٥٨)، هەر بۆیە خوێندن لەمزگەوت و حوجرەکان تا ساڵی (١٩٦٥) سەرچاوەی سەرەکی ڕۆشنبیری و فێرکردن و خوێندەواری بون لەنـاوچەکەدا (قەرەداغی، ١٩٩٨، ب١: ٢٤)، زۆربـەی (مـەلا، زانـا، خوێنـدەوار)ەکـان لەحوجرەکـانـەوە

پێگەیشتون(عبدالله،٢٠١٣: ٨٥)، بەجۆرێک کۆمەڵگە لەڕوانگەی زانست و زانیاریدا ئەو کات دابەشبوە بەسەر (٣) بەشدا کە: (زانا، زانستخواز، هاوکاری زانستخوازان) بون (بەرزنجی، ٢٠٠٧: ١٢).

## ١- قۆناغەکانی خوێندنی ئایینی:

بەگشتی ئەو کەسانەی لەپشدەر چونەتە بەر خوێندنی ئایینی چەند مەرجێکیان بۆداناون لەوانە: (قوتابی دەبو توانای بەڕێوەبردنی کارەکانی خۆی وحوجرەی هەبوبێت، واتە زۆر منداڵ نەبوبێت، توانیبێتی لەدوری دایک وباوک بمێنێتەوە) (زمزیرانی، ١٣٨٢: ٩٧)، بەڵام بەزۆری ئەوانەی چونەتە بەرخوێندنی ئایینیی تەمەنیان لەنێوان (٦-١٥) ساڵیدا بوە (مەجید، ٢٠١٢: ٢١٣).

قوتابیانیش بەپێی قۆناغەکانی خوێندن: (ئەرک، ناو، جۆرو شێوەی خوێندن)یان گۆڕاوە، بەگشتی پێیان گوتراوە (فەقێ)[٢]، کە دابەش ببون بەسەر: (١-قوتابی ٢- سوختە ٣- ناسکەموستەعید ٤- موستەعیدی تەواو) (مەلای ڕەش، ١٩٨٦: ١١٥)،٥- دواماددەکان).

هەندێکجاریش قوتابی تا لەنێو فەقێیان جێگەی بۆتەوە پێیان گوتوە (گوێگر - مستمع) (بەرزنجی، ٢٠٠٧: ١٣)، مەرج نەبوە فەقێ خەڵکی ئەو شوێنە بوبێت کە حوجرەکەی تێدا هەڵکەوتوە، بەڵکو قوتابی ئازادبوە لەهەڵبژاردن حوجرە بەپێی گونجانی کۆمەڵایەتی خۆیی و بەهێزی مامۆستاکانی(دەڵگەیی، ٢٠٢٠).

## یەکەم: قۆناغی سەرەتایی:

قوتابی لەسەرەتا بەشێوەی (حینجە)[٣]، بەتاک لەلایەن موستەعیدەکانەوە فێری نوسین و خوێندەواریکراون، دوای ناسینی پیتەکان و خوێندنی سیپارە و جوزئی(عم)[٤]، لەگەڵیشیدا دەبوایە کتێبی (عقیدەی کوردی، مەولودنامەی کوردی، احمدی) بخوێنێت. لەماوەیی ساڵێکدا قورئانیان خەتمکردوە، دەبوایە لەو قۆناغەدا کەمێک شارەزاییان لە: (فارسی، عەرەبی) پەیداکردبا ئەوسا چونەتە قۆناغی دواتر، بەڵام دوای ساڵی (١٩٦٠) تەنها گرنگی بەزمانی عەرەبی دراوە (دێلۆی، ٢٠٢١). بەگشتی ئەم قۆناغ لە (٣) ساڵ زیاتر تێپەڕی نەکردوە (اسماعیل، ١٩٨٤: ١٦).

## دوەم: قۆناغی سوختەیی(نظامی، ٢٠٠٥، ٦٣)(دەرسخوێنی سەرەتایی و تازەفەقێ):

(محەمەد، ٢٠١٣: ٤٧ - دێلۆی، ٢٠٢١) هەرچی دەردەسەری و ناڕەحەتی بوە بۆفەقێ لەو قۆناغەوە دەستیپێکردوە، چونکە دەبوایە زۆربەی کات لەدوری ماڵ و لەحوجرەکان بمێنێتەوە، ئەرکی کۆکردنەوەی ڕاتبەو پاکوخاوێنی وکاروبارەکانی حوجرە بەتەواوەتی ڕاپەڕێنێت (عەلیاوەی، ٢٠٠٣: ٢٨)، ئەوەش بارگرانی بوە بۆیان. سوختەکان لەلایەن موستەعیدی دوامادە وانەیان پێگوتراوە، کە پێیان گوتراوە (متعلق) پاش تەواوکردنی ئەو کتێبانەی کە لەخشتەکەدا هاتون چونەتە قۆناغی (موستەعیدی) (بەرزنجی، ٢٠٠٧: ١٣).

**خشتەی ژمارە(١)ماددەکانی قۆناغی سوختەیی دەخاتەڕو (محەمەد، ٢٠١٣: ٤٧)(دیلۆی، ٢٠٢١).**

| ژ | کتێبەکان | ژ | کتێبەکان | ژ | کتێبەکان | ژ | کتێبەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | احمدی | ٥ | شرح مغنی محتاج | ٩ | الارواح | ١٣ | بناء |
| ٢ | تصریف الزنجانی | ٦ | اظهار البرکوی | ١٠ | الوضع | ١٤ | منوب |
| ٣ | عوامیل الجرجانی | ٧ | تصریف مەلا علی | ١١ | اظهار | ١٥ | فعل |
| ٤ | نموذج | ٨ | نحو وصرف | ١٢ | مقصود | ١٦ | الصمدیه |

## سێیەم: قۆناغی موستەعیدی:

ئەو قۆناغە دابەشبوە بۆ (موستەعیدی ناسک، موستەعیدی تەواو)، کە لەڕوی: (پۆشاک، هەڵسوکەوت، پاکوخاوێنی، ڕیش، بەشداری نوێژی بەکۆمەڵ، بەدەنگەوەهاتنی خەڵک، بەشانداداني عەبا...) گۆڕانکاری بەسەر هەڵسوکەوتی داهاتوە(زەڵمی، ب١، ٢٠١٤: ٤٤).

خشتەی ژمارە(٢) ماددەکانی قۆناغی موستەعیدیی دەخاتەڕو(قەرەداغی، ب١: ١٤).

| ژ | کتێبەکان | ژ | کتێبەکان | ژ | کتێبەکان | ژ | کتێبەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | جامی | ٦ | النطق | ١١ | اعلان | ١٦ | شرحی فەرمودەکان |
| ٢ | عبداللەی یزدی | ٧ | فیقه | ١٢ | الفرائض | ١٧ | ارشاد العباء الى سبیل الرشاد |
| ٣ | شرح الشمسیه | ٨ | شرع المنهج | ١٣ | الوضع | ١٨ | ریاض الصالحین |
| ٤ | مغنی الطلاب | ٩ | البضاوی | ١٤ | البیان،صرف | ١٩ | مناهج الطالبین |
| ٥ | السیوطی | ١٠ | تەفسیر | ١٥ | اشتاق | ٢٠ | فتع المعین |

## چوارەم: قۆناغی دواماددەکان:

ئەو قۆناغە کۆتا قۆناغی خوێندنی ئاینی بوە، کە بەتەواوکردنی ئەو کتێبانەی لەخشتەکەدا هاتون کۆتای بەخوێندنی فەقێ هاتوە، بەڵام موستەعید لەم قۆناغدا بۆ (١١) مانگ خراوەتە ژێر چاودێری و هەڵسەنگاندن، بۆئەوەی بۆیان دەرکەوێت تاچەند سەرکەوتویە و شایانی ئەوەیە مۆڵەتی مەلایەتی پێ بدرێت.

**خشتەی ژمارە(٣)ماددەکانی قۆناغی دواماددەکان دەخاتەڕو (ئاوەژەیی، ٢٠٢١).**

| ژ | کتێبەکان | ژ | کتێبەکان | ژ | کتێبەکان | ژ | کتێبەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مختصر المعانی | ٦ | جمع الجوامع | ١١ | شرع المواقف | ١٦ | المقنطر |
| ٢ | المطلوب | ٧ | الاسطرلاب | ١٢ | خلاصه الحساب | ١٧ | المقاصد |
| ٣ | تهذیب الکلام | ٨ | ربع المجیب | ١٣ | شرح الطوالع | ١٨ | فنارین |
| ٤ | التشریح | ٩ | اشکال التاسیس | ١٤ | شرح الشمسیه بەحاشیەوە | ١٩ | عبداللة یذدی |
| ٥ | شرح الجغمینی | ١٠ | شرح المطالع | ١٥ | القاضی مع تعلیقات لاری | ٢٠ | نبکاح طلاق |

**٢- ئاهەنگی تەواوكردنی فەقێیەتی:**

پێش پێدانی بڕوانامەی مەلایەتی موســـــتەعید بۆماوەیەک خراوەتە ژێر چاودێری، لەو ماوەیەدا نێراوە بۆ گوندێک یان گەڕەكێكی شـــــار بۆئەوەی ببێت بەمەلای ئەو شـــــوێنە دوای ئەو ماوەیە ئامادەكاری بۆ پێدانی مۆڵەتەكەی كراوە و ئاهەنگیان بۆســـــازكردوە ومیوان و كەســـــوكار بۆئەو ئاهەنگە بانگهێشـــــتكراوەو خۆشـــــی وشادییان بەو بۆنەیەوە دەربڕیوە و پۆشاكی تایبەتیان بۆ موستەعیدەكان ئامادەكردوە، كە پێكهاتوە لە: (جوبە، مێزەر)و تەواوی ئامادەكاریەكانیش لەسەر خەڵكی ئەو ناوچەیە بوە، كە موستەعیدی تێدابوەتە مەلا یان لەسەر ئاغای دەست ڕۆشتوی شوێنەكە بوە (زمزیرانی، ١٣٨٢: ٢٠٥)، ئاهەنگەكە بۆماوەی چەند ڕۆژ و شەو بەردەوام بوە و بەڕۆژانە ئاهەنگگێران (جاف، ١٩٨٤: گ)، شەوانیش بەیاری: (پاشاپاشا، كلاوێن، گورزە گوێرە (حەسەن، ٢٠٠٨: ٢٠)، موســـــاو فیرعەون، فڕی فڕی قەل فڕی، گەنم گەنم...) بەســـــەربردوە (زەڵمی، ب١، ٢٠١٤: ٤٤)، لەكۆتـایشـــــدا مۆڵەتی پێدراوە، مەبەســـــتیش لەو مۆڵەتە ڕێگەپێدانی بوە بۆ وانەوتنەوەو دەركردنی فەتواو دادوەری(كاكەسور، ٢٠٠٩: ٢٣١).

**مەلای (دوازدە عیلم):** هەرچەندە فەقێ لەماوەی خوێندنی لەحوجرەدا ژمارەیەكی زۆر بابەت و زانســـــتی خوێندوە، بەڵام لەســـــاڵانی (١٩٦٠) بەدواوە كتێبەكان ژمارەیەكیان لابران وتەنها چەند دانەیەک ماونەتەوە و لەڕوی زمانیشـــــەوە تەنها زمانی (عەرەبی، كوردی) بەكارهاتوە. مەلا بۆئەوەی ببێتە (مەلای دوازدە عیلم) دەبوایە كۆمەڵێک مادەی لەماوەی خوێندنەكەیدا خوێندبا (ئاوەژەیی، ٢٠٢١)، كە زۆربەیان پەیوەندیان بە زانســـتەكانی قورئان و ئیســـلامەوە هەبوە، هەروەها لە ســـەرجەم تاقیكردنەوەكان ســـەركەتو بوایە ئەوجا پێیان گوتوە (دوازدە عیلم) (الجوم، ٢٠٠٦: ٤١). بابەتەكانیش بەزۆری پێكهاتبون لە: (١-ڕێزمانی عەرەبی وســـــەرف (نحو والصرف) ٢-ڕەوانبێژی(البلاغە) بە هەرسێ بەشەكانی (البیان، البدیع، المعانی) ٣-لۆژیک وئاداب (المنطق، الاداب والمناظیرە، كلام، فلســـفة) ٤-شـــیكردنەوە وفیقە وبنچینەی فیقە (الفیقە، اصـــول الفیقە، فیقةللغة)، الهیئةو الفلك، الریاضات والهندسة)(ئاوەژەیی، ٢٠٢١).

فەقێ بۆئەوەی هەمو قۆناغەكان خوێندن ببڕێت و ببێتە مەلایەكی ســـــەركەوتو نزیكەی (٢٠-٢٥) ســـــاڵی خایاندوە بەجۆرێک خوێندن هەمو ڕۆژانی هەفتەبوە، ڕۆژانە (دو) وانە خوێنراوە و بەیانیان وانەیەک و دوانیوەڕۆیان وانەیەک (مەجید، ٢٠١٣: ٢١٩)، جگەلە ڕۆژانی (٣شـــــەممەو هەینی) كە پشـــــوی قوتابییەكان بوە (هۆمر، ٢٠١٦، ١٦٦)، لەگەڵ مانگی ڕەمەزان و چەند ڕۆژ پێش و پاش ڕەمەزان و جەژنی قوربان، وانەیان نەخوێندوە(محەمەد، ٢٠١٣: ٤٧).

لەكۆتـای نزیكبونەوەی وەرگرتنی مۆڵەت (الإجـازە)[٦]، بەزۆری لەلای چەند مـامۆســـــتـایەكی دیـاریكراوی بەئەزمون كۆبونەتەوە، كە دیارترینیان لەپشدەر ئەو مامۆستایانەن بون:

خشتەی ژمارە (٤) مامۆستایانی مۆڵەتدەر (ایجازەی عیلم)ی پشدەر تاساڵی(١٩٨٩)(عفدالفتاح، ٢٠١٩: ٤٠ – سۆفی، ٢٠٢١، – المدرس، ١٩٨٣: ١٧٨).

| ژ | ناوی مامۆستا | مەلا لەمزگەوتی | لەدایكبون ومردن | ساڵی وەرگرتنی مۆڵەت | ساڵی مۆڵەتدان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مەلا محمدی باڵەیی | گەورەی قەڵادزە | ٠٠٠- ١٩٦٨ | ١٩٣٧ | ١٩٥٠-١٩٥١ |
| ٢ | مەلا محمد علی نورەدینی | نورەدین | ١٩٢٠-١٩٩٨ | ١٩٥١ | ١٩٦١-١٩٦٢ |
| ٣ | مەلا حسێن دەشتیۆی | ئازادی | ١٩١٦-١٩٧٩ | ١٩٣٥-١٩٣٦ | ١٩٣٧-١٩٣٨ |
| ٤ | مەلا حسێنی پیماڵك | پیماڵك | ١٩٢٤-٢٠٠٠ | ١٩٥٥ | ١٩٦٥-١٩٦٦ |
| ٥ | مەلا عبداللەی شێخ ئاودەلان | شێخ ئاودەلان | ١٩٣٨-٢٠٠٧ | ١٩٦٢ | ١٩٧٢ |
| ٦ | مەلا سەید سلێمانی ژاراوە | ژاراوە وسەنگەسەر | ١٩٢٢-١٩٩٥ | ١٩٥٣ | ١٩٦٢-١٩٦٣ |
| ٧ | مەلا رەسولی شارستێنی | شارستێن | ١٩٣٥-١٩٧٦ | ١٩٦٢-١٩٦٣ | ١٩٧٢-١٩٧٣ |
| ٨ | مەلا ابوبكر فرخە گیرەیی | گیرە | ...-١٩٨٦ | ١٩٣٥-١٩٣٦ | ١٩٤٥-١٩٥٥ |

سەرچاوە: دیدار لەگەڵ: سۆفی، رانیە٢٠٢١/٣/١٠؛ ئاوەژەیی، قەڵادزێ٢٠٢١/٣/١؛ دیلۆیی،٢٠٢١/٣/١٠؛ عفدالفتاح، قەڵادزێ٢٠٢١/٦/١١؛ نورەدیینی، ٢٠٢١/٦/١٣؛ محمود، ٢٠٠٤، ١٣؛ المدرس،١٩٨٣، علماؤنا فی خدمة العلم والدین، الطبعة الاولی، دار الحریة للطباعة، بغدای، ص١٧٨. بروانە: عفدالفتاح، حمید أحمد: ژیاننامەی زانایان، چ١، ب (١، ٢، ٣) چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

## ٣- پۆشاكی فەقێ:

فەقێ پۆشاكی تایبەتی خۆی هەبوە، كە پێكهاتبو لە: (كەوا، سەڵتە، دەرپێ، كراسی سپی فەقیانەدار، كڵاو وجامانە) (قەرەداغی، ١٩٩٨: ٢٣)، بەجۆرێك سوختەكان: (كڵاو و جەمانەیان لەسەر بوە و پۆشاكی كوردەواریشیان كردۆتەبەر)، بەڵام موستەعیدەكان: (كەوا، سەڵتە، جەمانە) و دوای ئەوەی ئیجازەی وەردەگرت (مەندیل و جبەی) لەبەركردوە (دیلۆیی، ٢٠٢١)، بەڵام دوای ساڵی(١٩٦٠) گۆڕان لەجلوبەرگیان هاتۆتەئاراوەو بوەتە: (شەرواڵ ومرادخانی)(قەرەداغی، ١٩٩٨: ٢٣)و ساڵانی دواتر هەندێكجار (كەواو چاكەت)یان لەبەركردوە (ئاوەژەیی، ٢٠٢١)، ئەوەش لەڕوی پۆشاكەوە لەخەڵكی جیاكردنەوە (حەسەن، ٢٠٠٨، ٢٠).

## ٤- داهاتی حوجرە و فەقێ:

ئەركی بژێوی و ژیان و گوزەرانی (فەقێ، مەلا، خەرجی مزگەوت، حوجرە)، كەوتۆتە ئەستۆی دانیشتوان بەجۆرێك هەر ناوچەیەك بژێوی (مەلا[7]و فەقێ)ی خۆیان لەسەرشان بوە. یان ئاغای دەسەڵاتداری ناوچەكە تەواوی پێداویستییەكانی دابین كردوە، یان لەڕێگەی: (وەقفەكانی مزگەوت (قەرەداغی، بێ.س: ٢٣٩)، زەكات، سەرفترە، سەدەقە، جومعانە، ئیسقات، خێرو خێرات، ڕاتبە، ودەقنە...بەڕێوەچون) (سجادی، ١٩٧٤: ٩٧)، بەجۆرێك هەمو ژمەكان سوختەكان بۆ وەرگرتنی ڕاتو (ڕاتبە)[8] بەماڵانەوە گەڕاون و گوتویانە: ((ڕاتبەی فەقێیان ڕەحمەتولێبێت)) (هەورامی، ٢٠٠٨: ٣٩١)، هەرچەندە ئەوە لەخۆشەویستی خەڵك دێت بۆ زانست و

زانیاری، بەڵام هەندێکیش بەســــواڵێکی بەئەدەبیان داناوە، کە ئەوکات فەقێکان پەیڕەویان کردوە(باپیر، ٢٠١١، ١٣٧).

کاتی پێگەیشتنی دانەوێڵە بەتایبەت بەرهەمی گەنم وجۆی ساڵانە وەک زەکات هەمیش وەک بەشی حوجرە لەخەڵکیان وەرگرتوە و لەکاتی پێویســــتدا ســـودیان لێبینیوەتەوە، کە پێیان گوتوە (دەقنەی فەقێیان) (هاوار، ٢٠٠٧: ٩٥)، کە داهاتێکی ئابوری ســـاڵانەی فەقێکان بوە، ســـاڵی جارێک فەقێ چ لەشـــار یان لەگوند، لەکۆتایی وەرزی پایزدا کۆیان کردۆتەوە (ملا کریم ، ١٩٧٣: ٥٢).

بەدەر لەوە تاســاڵی(١٩٦٠) (جومعانە)ش هەبوە، کە لەلایەن سـوختەکانەوە کۆکراوەتەوە (مام شـۆڕش، بێ ساڵی چاپ: ١٦)، کاتێک فەقێکان هەستیان کردوە ئەو ماڵانەی ڕۆژانە راتبە دەدەن بەفەقێ زۆربەیان دەستیان کورتە و نەدارن، بۆئەوەی زیاتر باری ســەرشــانیان گران نەکەن، بڕیاریان داوە بچنە شـوێنێکی تر کە فەقێیان نەبو، بۆیە ڕۆژی جومعە فەقێکان بەتایبەت موســـــتەعیدەکان دەچونە ئەو شـــوێنە و مەلای مزگەوتەکەیان ئاگادارکردۆتەوە، کەخەڵک هاوکارییان بکات (هەورامی، ٢٠٠٨: ٣٩٥)، مەلاش لەڕۆژی هەینیدا ئاگاداری خەڵکی کردوە، کە هاوکاری ئەو فەقێیانە بکەن، لەبەرئەوەی بەزۆری لەڕۆژی هەینیدا کراوە، بۆیە ناوی (جومعانە)ی لێنراوە(قەرەداغی، ١٩٩٨: ٤٠).

## ٥- هۆکاری لاوازی و لەناوچونی حوجرەکان:

لەسـاڵی (١٩٥٧) بەدواوە گۆڕانێکی زۆر لەو شـێوە کلاسـیکیەی جاران هاتۆتەئاراوە، کە بایەخێکی زانستی ئەوتۆیان لەگەڵ زانستی سەردەم نەبوە، بەشێوازێکی تر دەستکراوە بەپەروەردەکردنەوەی کۆمەڵگە، بۆئەوەی لەگەڵ پێشــکەوتنی زانســت بگونجێت (زەڵمی، ٢٠١١: ٥-٩). بەوەش بەرەبەرە پێگەی حوجرەکان ڕوەو لاوازی چوە، بەتایبەت بەهۆی کردنەوەی چەند خولێک لەســـاڵی (١٩٥٧-١٩٥٨) بۆ موســـتەعیدەکانی کوردســـتان، کە دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەک زۆربەیان کراونەتە (مامۆســـتای قوتابخانە ســــەرەتاییەکانی میری)، بەم هەنگاوەش زۆرێک لەفەقێ و مەلا لەخوێندنی ئاییی دورکەوتونەوە و بونە مۆچەخۆری میری ودەســـــتیان بەوانەگوتنەوە کردوە لەقوتابخانە ســــەرەتاییەکاندا. بەوەش حکومەت گورزێکی گەورەی لەبواری خوێندنی ئاییدا(ژین، ر، ١٩٦٠- کەریم، ٢٠١٠: ١٢٨).

لەسـەردەمی شـۆڕشـی ئەیلولیش ژمارەیەکی زۆر فەقێ و مەلا لەقوتابخانەکان کراون بەمامۆسـتا، لەسـەرو ئەوەشــــەوە بەهێزبونی حیزبی شــــیوعی (ڕەوتی چەپ) کاریگەریەکی زۆری لەســــەر کەمکردنەوەی فەقێ وحوجرەکان هەبوە، چونکە زۆرجار بەئاشکرا دژایەتی خوێندنی حوجرەکانیان کردوە(دیلۆی ، ٢٠٢١).

لەســـــاڵی (١٩٧٠) لەلایەن حکومەتەوە بڕیاردراوە لەهەر قەزایەک پەیمانگایەکی ئایینی بکرێتەوە و لەلایەن ئەو مامۆســــتایانەوە بەڕێوەببرێن کە لەتاقیکردنەوەی تایبەت بەوەزارەتی ئەوقاف دەردەچن، ئەوکات دەتوانن ببنە (مودەریســـی عیلمی)، تا ئەوکات هیچ مەلاو مامۆســـتایەکی ناوچەکە جگە لە (ایجازەی عیلمی یان ئەهلی) بەولاوە هیچی تریان نەبوە، ئەوەش بچوککردنەوەی ڕۆڵی حوجرەکان بوە، هەرچەندە هەندێک مامۆســـــتا

هەوڵیانداوە بەشـــداری تاقیکردنەوەکان بکەن، بەڵام لەبەر هەژاری و دورەدەســـتی کە لە (بەغداد و هەولێر) ئەنجامدراوە بەشـداریان نەکردوە. لەپشـدەرەوە تەنها مامۆسـتا مەلا (محمدی نورەدینی) بەشـداربوە و بەپلەی یەکەم دەرچوە(نورەدیینی، ٢٠٠٤: ٣٢)، هەروەها تاقیکردنەوەیەکی تری فەقێکان لەگەڵاڵە ئەنجام دراوە، کە نزیکەی (٥٠) فەقێ لەپشـدەرەوە بەشـداریان تێداکردوە بۆ دیاریکردنی ئاسـتیان بۆئەوەی لەپەیمانگا ئاییینیەکان شـــوێنیان بۆدابنرێت، چونکە حکومەت دانی بەبڕوانامەی حوجرەکاندا نەناوە، بۆیە زۆربەیان ڕویان کردۆتە تاقیکردنەوەکانی حکومەت (ئاوەژەیی، ٢٠٢١). هەرچەندە ئەو هەنگاوانە بۆ بچوککردنەوەی حوجرەکان بوە، بەڵام لەلایەکی ترەوە هەنگاوێکی تربوە بۆگرنگیدانی زیاتر بەلایەنی خوێندنی سەردەم.

ســـاڵی(١٩٧١) پەیمانگای ئایینی لەقەڵادزێ کراوەتەوەو نزیکەی (٢٠) قوتابی هەبوە کە (ســـێ) قۆناغی لەخۆگرتوە، هەریەکە لە مەلا: (محمد دەڵگەی وەک مامۆســـتاو بەڕێوەبەر و مامۆســـتا مەلا محمد نورەدینی، مەلاحسـێن دەشـتێوی، کەمال میراودەلی، مامۆسـتا غەریب پشـدەری، نجات عسـمان، مامۆسـتا عبدالله) و چەند مامۆســـتایەکی تر وانەکانیان وتۆتەوە. قوتابی دەبو لە پۆلی(شـــەش)ی ســـەرەتایی دەربچێت ئینجا ئەگەر ئارەزومەندبوایە دەیتوانی بچێتە ئەو پەیمانگایە، یان لەتاقیکردنەوەیەکی تایبەت بۆ دیاریکردنی ئاســـت بەشـداربیبکات، حکومەت مانگانە برەپارەیەکی هاوکاری بۆ قوتابیانی ئەو پەیمانگایە خەرجکردوە، ئەوەش هانی قوتابیانیداوە ڕوبکەنە ئەو پەیمانگایە، هەرچەندە تا سـاڵی (١٩٧٤) ماوەتەوە، بەڵام کاریگەریەکی زۆری لەســەر لاوازکردنی حوجرەکان و کەمکردنەوەی فەقێ لەپشدەرهەبوە (سعید، ٢٠٢١).

هۆکـاریێکی تری لاوازی و کەمبونەوەی خوێنـدنی نـاوحوجرەکـان دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی کـارگێڕی و سەرپەرشتیکردن، بەو مانایەی کە دەزگایەکی تایبەت نەبوە سەرپەرشتی فەقێ وحوجرە و ڕەوشی خوێندنی ئایینی بکات، واتە ســـیســـتەمێکی دارێژراو وســـەراپاگیر نەبوە، بەڵکو هەر حوجرەیەک ئەرکەکانی خوێندنی بەشـــێوەی تایبەتی خۆی ڕاپەڕاندوە، ئەوەش بۆتە هۆی پچڕانی شـــیرازەی حوجرەکان و نەبونی یەکســـانی لەپەیرەوکردنی بوارەکانی خوێندن و سەرچاوەکان (بەرزنجی ، ٢٠٠٧: ٦٦).

لەســـاڵی (١٩٧٥) حوجرەکانی پشـــدەر نزیکەی (٣٠٠) فەقێیان لەخۆگرتوە (ئاوەژەیی، ٢٠٢١)، کە زیاتر بایەخیان بەجۆری خوێندن داوەو برِو ژمارەیان لەلا گرنگنەبوە، لەگەڵ ســـنورداری خوێندنی ئاییینی بەڵام جۆری خوێندنەکەیان بەرزبوە و زۆر گرنگیان بەفێربونی زمانەکان داوە (کاکە سور، ٢٠١٠: ج).

بەگشـــتی حوجرەکان ماوەیەکی زۆر یەکەم خانەی ڕۆشـــنبیری (العزاوی، ١٩٩٨: ٨٥-٨٦) و تاکە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و مەڵبەندی ڕۆشـــنبیری و پێگەیاندنی زاناو شـــاعیرو کەســـایەتی دیاربون لەناوچەکەدا (کەریم، ٢٠١٠: ١٢٧)، ئەوەش بۆتەهۆی پێکهاتنی ڕۆشنبیریەکی تێکەڵەیەک لەڕەگەزی زانستی و ئایینی و ئەدەبی(العزاوی، ١٩٩٨: ٨٦).

لێرەوە دەردەکەوێت کە مزگەوت و حوجرەکان جگەلەوەی ئەرکی ئایینیان گێڕاوە، لەهەمان کاتدا ئەرکی ئەدەبی و ڕوناکبیریشیان گێڕاوە، چونکە وانەکانی حوجرە بەتایبەت لەبواری هەڵسەنگاندنی شیعر وهۆنراوە و لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان، شەقڵی بزوتنەوەی ڕوناکبیریان پێوەدیاربو، ژورەکانی مزگەوت لەهاوین و زستاندا

شوێن و مەڵبەندی کۆبونەوەی زاناو شارەزا و گەڕیدە و شاعیرو هونەرمەندان وخەڵکی بون، کاتێک لەدەوری مەلای مزگەوت کۆبونەتەوە، هەمو جۆرە بابەتێک باسیان لێوەکراوە، ئەوەش کۆڕی ئەدەبی ئەو سەردەم بون (کاکەمەم بۆتانی،٢٠٠٣: ١٤٢).

تاکۆتایی ساڵی (١٩٧٧) لە زۆربەی گوندو مزگەوتەکانی پشدەر حوجرە هەبوە، کە ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی (٥٠) حوجرە (بڕوانە: پاشکۆی ژمارە ١)، بەڵام دواتر ژمارەیان زۆر کەمی کردوە و لە چەند حوجرەیەک زیاترنەبون (ئاوەژەیی، ٢٠٢١)، ئەوانیش هەندێکیان لەماڵی مەلاو مامۆستا ئایینیەکان بون (نورەدینی، ٢٠٠٤: ٣٢).

لەکۆتای ئەم باسەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە قوتابخانەی ئایینی و مامۆستایانی ئایینی بەدەر لە ڕۆڵە ئایینیەکەیان ماوەیەکی زۆر ڕۆڵ وکاریگەری بەرچاویان لەپەروەردەو فێرکردنی خەڵکی پشدەردا هەبوە و تاکە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی خوێندەواری بون لەو ماوەیەدا، بەوەی خەڵکیان وشیارکردۆتەوە تاخۆیان لەتاریکی نەخوێندەواری ڕزگاریان بکەن و منداڵکانیان بخەنە بەرخوێندن تا بەسەر ئەو جیاوازییە کۆمەڵایەتییەی پشدەری گرتۆتەوە زاڵبن. هەرچەندە ساڵ دوای ساڵ خوێندنی ئایینی و قوتابخانە ئایینیەکان ڕووەو کەمبونەوە چون، بەڵام تا ساڵی (١٩٨٩) پێگەو کاریگەریان هەر هەبوە بەسەر خەڵکی ناوچەکەوە.

## باسی دووەم:خوێندنی فەرمی لە پشدەر

### ١- کاریگەری شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لەسەر بواری پەروەردەو خوێندن:

شۆڕشی١٤ی تەموزی ١٩٥٨ کاریگەریەکی زۆری لەبەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن لەعێراقدا هەبوە، بەبەراورد لەگەڵ سەردەمی پاشایەتی، ئەوەش لەزیادبونی ژمارەی قوتابیان و کردنەوەی قوتابخانەی نوێ دەردەکەوێت. دوای چاکسازییەکانی شۆڕش گەل دەرفەتی چاکتریان بۆ هاتەپێش بۆئەوەی سود لەقوتابخانەکان وەربگرن. لە (٥) ساڵی یەکەمی شۆڕشدا چەندان قوتابخانە کراونەتەوە (ژین، ڕ، ١٩٥٩)، هەروەها یەکێک لەبڕیارەکانی شۆڕش گێڕانەوەی ئەو قوتابیانە بوە، کە پێشتر بەهۆکاری جیاواز دورخراونەتەوە لەخوێندن، بە بڕیاری (٧٧٢) قوتابیان لەسەرانسەری عێراق گەڕاونەتەوە سەرخوێندن و (١٤) قوتابی لەلیوای سلێمانی سودمەندبون لەو بڕیارە (العبیدی، بدون السنة:٢٧).

بەپێی (مادەی٣)ی دەستوری عێراق لە (٢٧ی تەموزی ١٩٥٨) بۆ یەکسانی و هاوبەشی نێوان کورد و عەرەب لەماف ونیشتیمان پەیڕەودەکرێت. لەمەڕ خوێندنیش بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت لەوەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ پەرەپێدان و فێرکردن لەکوردستانی باشور پێکهاتوە، لەسایەی ئەو دەستورەدا کورد هەوڵەکانی چڕکردۆتەوە لەپێناو گەشەپێدانی خوێندنی کوردی لەناوچە کوردییەکاندا، بەهۆی ئەوەوە مامۆستایانی کورد لە کۆنگرەی یەکەمی خۆیاندا لەساڵی (١٩٥٩) کە لە شەقڵاوە بەستراوە چەند بڕیارێکیان دەرکردوە لەوانە:

١-خوێندنی مێژوی کورد لە قوتابخانەکانی کوردستان.

٢-دەبێت خوێندن لەقۆناغی سەرەتایی بە کوردی بێت، لەپۆلی سێیەمیش زمانی عەرەبی بخوێندرێت.

٣-خوێندن لەباخچەی ساوایانی کوردستان دەبێت تەنها کوردی بێت.

٤- دەبێت زمانی کوردی بەشێوەیەکی فەرمی لەقۆناغەکانی خوێندن بخوێندرێت (حسن، ٢٠٠٨: ٦٠).

هەروەها لە ســـاڵی (١٩٦٠) ڕێکخراوی (یەکێتی گشـــتی قوتابیانی عێراق) لەکۆبونەوەی ســـێیەمیدا چەند بڕیارێکی لەبارەی خوێندنی کوردستانەوە دەرکردوە لەوانە:

١-خوێندنی مێژوی گەلی کورد لە قوتابخانەکانی کوردستان و عێراق.

٢-زمانی کوردی زمانی فەرمی قوتابخانەکانی کوردســـتان بێت، لەخوێندنی ســـاڵی(١٩٦٠-١٩٦١) دەســـت بەجێبەجێکردنی بکرێت.

٣-زیادکردنی ژمارەی قوتابیانی کورد بۆ دەرەوەی وڵات بەمەبەستی خوێندن(مەجید، ٢٠١٢، ٢٢٤).

٤- هەرچەند ئەوبڕیارانە کاریگەی زۆری لەســەر بەرەوپێشــەوەبردنی خوێندنی کوردی دەبو، ئەگەر جێبەجێ کرابان، بەڵام نەچونە بواری کارپێکردنەوە ئەوەش بەهۆی هەڵگیرسـانی شـەڕوشـۆڕشـی کورد لە (١١ی ئەیلول١٩٦١) نەک هەر دۆخەکەی وەک خۆی نەهێشـتەوە بەپێچەوانەوە بەرەو خراپتر لەپێش شـۆڕشـی (١٤ی تەموزی ١٩٥٨) گێڕایەوە، ئەوەش وایکردوە پرۆســـەی خوێندن لەکوردســـتان وبەتایبەتی لەگوندەکان پەکی بکەوێت و ئەو گرنگیەی بەخوێندنی شـــارەکانیش دەدرا نەما، چونکە حکومەت نەیویســـتوە نەتەوەی کورد خوێندەواربێت، لەلایەکی دیکەوە بەشـــی زۆری داهاتی وڵات بۆتێچوی شـــەڕ خەرجکراوە، ئەوەش ڕێژەی نەخوێندەواری زیادکردوە(حسن، ٢٠٠٨: ٦٣).

لەپشدەر خوێندنی فەرمی تاساڵی (١٩٨٩) دەتوانین بەچەند قۆناغێک شیبکەینەوە لەوانەش:

**قۆناغی یەکەم:خوێندنی فەرمی ناوچەکە لەنێوان ساڵەکانی(١٩٥٧-١٩٦٥).**

هەرچەندە پشـــدەر لەماوەی (١٩٥٧-١٩٦١) تارادەیەک لەگەڵ ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەی هەیبوە زیاتر چۆتە پێشـــەوە، چونکە لەســـاڵی (١٩٥٧) لەکاتێکدا ژمارەی دانیشـــتوانی (٣٤٥٤٥) کەس بوە (٩٤٧٧) کەس خوێندەواربوە، واتە (٢٧٪)ی دانیشـتوان، لەوانەش تەنها (٣٥) کەس بڕوانامەی ناوەندی و دواناوەندی هەبوە و تەنها (٢) کچ هەبون، بەڵام لەســـالانی دواتر ئەو ڕێژەیە زۆر زیاتر بەرزبۆتەوە (احصـــاء، ١٩٥٧: ج١٠، ٥٨). لەکۆی (١٠٨) قوتابخانەکانەی لیوای سـلێمانی تاکۆتایی سـاڵی (١٩٥٧) تەنها (٧) قوتابخانەی سـەرەتایی، (١) قوتابخانەی ناوەندی لەپشـــدەر هەبوە، کە (٤) قوتابخانەی کوڕان، (٣) قوتابخانەی تێکەڵ بون، ژمارەی قوتابییەکانیش (٢٣٤) قوتابی بوە، کە بەسـەر (٦) پۆلدا دابەشـبون و تەنها (٩) قوتابی کچ بون (التقرير السـنوی عن سير التربيةوالتعليم١٩٥٧-١٩٥٨: ج١٠، ١٧٣).

خشتەی ژمارە (٤) ژمارەی پۆل وقوتابیانی قۆناغی سەرەتایی لە قەزای پشدەر بۆ ساڵی (١٩٥٧–١٩٥٨)دا.

| ڕەگەزی قوتابخانە | ژ.قوتابخانە | پۆلی یەک | پۆلی دو | پۆلی سێ | پۆلی چوار | پۆلی پێنج | پۆلی شەش | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کوڕان | ٤ | ٤٧ | ٢٢ | ١٦ | ١٤ | ١٠ | ١٩ | ١٢٨ |
| کچان | ... | ... | ... | ... | ... | ... | ... | ... |
| تێکەڵاو | ٣ | ٤٠ | ١٨ | ١٤ | ١١ | ٨ | ١٥ | ١٠٦ |
| باخچەی ساوایان | ... | ... | ... | ... | ... | ... | ... | ... |
| کۆی گشتی | ٧ | ٨٧ | ٤٠ | ٣٠ | ٢٥ | ١٨ | ٣٤ | ٢٣٤ |

هەروەها ساڵی خوێندنی (١٩٦٣-١٩٦٤) ژمارەی قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندییەکان تەنها (١) قوتابخانەی تێکەڵ و (١) قوتابخانەی کوڕان بوە، ژمارەی مامۆستاکانیان (٥) مامۆستا بوە بۆ (٣٠٣) قوتابی، لەگەڵ (٨) قوتابخانەی سەرەتایی کە ژمارەی قوتابییەکانی (٢٧٩) قوتابی بوە، لەو ژمارەیە تەنها (١٧) کچ بون، (٥٣) مامۆستا و (١٣)کارگوزار کارەکانیان ڕاپەڕاندوە (التقرير السنوی، ١٩٦٣-١٩٦٤: ٥٧).

لەو قۆناغەدا بۆمان دەردەکەوێت لەگەڵ هەمو ئەو ڕێگریانەی هەبون لەبەردەم خوێندن و پەروەردەو فێرکردندا وەک: (لاوازی ئاستی ڕۆشنبیری دانیشتوان بۆ درک نەکردن بەگرنگی و پێویست بونی بوارەکە، هەروەها بەشێکی زۆری چینی ئاغاکان پشدەر خوێندنیان لەناوچەکەدا بۆ نەوەکانی خۆیان قۆرخ کردبو ئەوەش وایکردوە ڕێگری بکەن لەچینی گشتی بۆچونە ناو قوتابخانەکان)، چونکە پێیان وابوە وشیاربونەوەی خەڵک و فێربونی خوێندەواری کاریگەری لەسەر بەرژوەندییەکانی ئەوان دەبێت)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی قوتابی وخوێندەوار ڕوەو زیادبون چوە، وەک لەژمارەکاندا دەرکەوتوە.

## ٣- خوێندنی فەرمی پشدەر لەنێوان ساڵانی(١٩٦٥-١٩٧٥).

بەهۆی کرانەوەی ناوچەکە لەڕوی ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتییەوە لەساڵی (١٩٦٥) ژمارەی قوتابخانەکان گۆڕانی بەسەرداهاتوە بۆ (١٠) قوتابخانەی سەرەتایی زیادی کردوە، کە (٢) قوتابخانە لەخانوی کرێدابون، بەبڕی (٦٨٠) دیناری ساڵانە. لەو قوتابخانەش (٥) قوتابخانەی کوڕان، (١) قوتابخانەی کچان، (٤) قوتابخانەی تێکەڵبون، ژمارەی قوتابیەکانیش زیادیکردوە، بەڵام تا ئەوکاتە ژمارەی قوتابی کچ لەسنورەکە هەر کەمبوە وەک لەخشتەی ژمارە (٥)دا دەردەکەوێت.

ژمارەی قوتابییەکانی پۆلی یەک (١٥٢)، پۆلی دو (٤٢)، پۆلی سێ (٤٤)، پۆلی چوار (٢٩)، پۆلی پێنج (٢٧)، پۆلی شەش (١٦) قوتابی بون، لەکۆی (٣١٠) قوتابی تەنها (٢١) قوتابی کچ بون، لەو ساڵەدا تەنها (١) قوتابخانەی ناوەندی بونی هەبوە بۆ (٢٨٩) قوتابی. لەو ساڵەدا هیچ کچێک لەناوەندی نەبوە، لەکاتێکدا (٦٤)

مامۆستا و (١٨) کارگوزار کارەکانیان ڕاپەڕاندوە (نتائج الاحصاء الثقافی، ١٩٦٤-١٩٦٥: ١٦٦-١٨٥). هەرچەندە بەهۆی شۆڕشی ئەیلولەوە کرانەوە و تێکەڵبونی دانیشتوانی ناوچەکە لەنێوان سالانی (١٩٥٧-١٩٦٥) هاتۆتە ئاراوە، بەڵام کەلتوری باوک سالاریی ڕێگربوە لەناردنی کچان بۆ قوتابخانە، ئەوەش هۆکاری سەرەکی کەمی ڕەگەزی (مێ) بوە لەقوتابخانەکان.

**خشتە ژمارە(٥) ژمارەی پۆل وقوتابیانی قەزای پشدەر لەساڵی(١٩٦٥)دا.**

| ڕەگەزی قوتابخانە | ژ.قوتابخانە | پۆلی١ | پۆلی٢ | پۆلی٣ | پۆلی٤ | پۆلی٥ | پۆلی٦ | ژ.قوتابی | | کۆی گشتی | ژ.مامۆستا | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | نێر | مێ | | نێر | مێ | |
| کوڕان | ٥ | ١٥٢ | ٤٢ | ٤٤ | ٢٩ | ٢٧ | ١٢ | ٢٨٩ | ٢١ | ٣١٠ | ٣٤ | ... | ٣٤ |
| کچان | ١ | | | | | | | | | | | | |
| تێکەڵاو | ٤ | | | | | | | | | | | | |
| ناوەندی | ١ | ... | ... | ... | ... | ... | ... | ٢٨٩ | ... | ٢٨٩ | | | |
| کۆی گشتی | ١١ | ١٥٢ | ٤٢ | ٤٤ | ٢٩ | ٢٧ | ١٢ | ٥٧٨ | ٢١ | ٥٩٩ | ٣٤ | ... | ٣٤ |

هەرچی پرۆگرامی خوێندن بوە لەقۆناغی سەرەتایی تاساڵی (١٩٧٠) بەدواوە چەند بابەتێکی جیاواز خوێنراون، بەڵام بابەتی (زمانی ئینگلیزی) تاپۆلی (٥) سەرەتایی نەخوێنراوە.

**خشتەی ژمارە (٦) مادەکانی قۆناغی سەرەتایی دەخاتەڕو.**

| ژ | ماددەکان | پۆلی١ | پۆلی ٢ | پۆلی ٣ | پۆلی ٤ | پۆلی ٥ | پۆلی ٦ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | علم الدین(التربیة الدینیة) | | | | | | |
| ٢ | اللغة العربیة | | | | | | |
| ٣ | اللغة الانکلیزیة | | | | | انکلیزیة | انکلیزیة |
| ٤ | اللغة الکردیة | | | | | | |
| ٥ | الحساب والهندسة | | | | | | |
| ٦ | الجغرافیة(التربیة الاجتماعیة والوطنیة) | الحیاتیة | الحیاتیة | الحیاتیة | الجغرافیة | الجغرافیة | الجغرافیة |
| ٧ | التاریخ(التربیة الاجتماعیة والوطنیة) | | | | التاریخ | التاریخ | التاریخ |
| ٨ | الاشیاوالصحة(مبادی العلوم والتربیة الصحیة) | | | | | | |
| ٩ | التربیة الفنیة والاعمال الیدویة | | | | | | |
| ١٠ | النشید والریاضة البدنیة | | | | | | |

مصدر: دار الکتب والوثائق: وزارة التربیة والتعلیم، مدیریة التعلیم العامة، ملف رقم٢٠١/٤٢١٢٠٠، وثیقة رقم١٠،ص٣٦.

بۆ ســـاڵی خوێندنی (١٩٦٥-١٩٦٦) ژمارەی قوتابخانە ناوەندی ودواناوەندییەکان (٣) قوتابخانە بوە کە (٢) کوڕان (١) کچان، ژمارەی قوتابیان (٦٥١) قوتابی و (٢٧) مامۆسـتای پیاو بون (التقرير السـنوی،١٩٦٥-١٩٦٦، ٣٨)، بۆســـاڵی خوێندنی (١٩٦٦-١٩٦٧) ژمارەی قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندییەکان هەر(٣) قوتابخانە بوە، بۆ (٥٦٧) قوتابی کچ، (١٤٣٢) قوتابی کوڕ، مامۆســـتایانیش (٩) ئافرەت (٤٨) پیاوبون، (٣٠) قوتابخانەی ســـەرەتایش هەبوە (١٥) تێکەڵاو (٢) کچان (١٣) کوڕان بوە، (١٠) مامۆســـتای ئافرەت، (١٢٠) مامۆســـتای پیاو وانەکانیان گوتۆتەوە، ژمارەی قوتابییەکانیان (٢٥٠) کچ (٢٥٥٠) کوڕ بوە (التقرير السنوی، ١٩٦٦-١٩٦٧: ٣٨).

لە ئامارەکانی ئەو قۆناغەوە دەردەکەوێت کە بەدەر لەکرانەوەی زیاتری قەزاکە بەڕوی خوێندن و ڕۆشـــنبیری و زیادبونی قوتابی و مامۆستایانیش کەچی کەلتوری کۆنەکە بەتایبەت (باوک سالاری) بەسەر لایەنەکەوە هەردیار بوە، ئەوەش وایکردوە ڕێژەی ڕەگەزی مێ لەچاو شـــار و شـــارۆچکەکانی تری کوردســـتان لەناوەندەکانی خوێندن زۆر کەم بێت، چونکە پێیان شەرم بوە کچان بنێرنە قوتابخانە.

## ٤- خوێندنی فەرمی پشدەر لەنێوان ساڵەکانی(١٩٧٥ - ١٩٨٩).

لەساڵی خوێندنی (١٩٧٥-١٩٧٦) بۆ (٤٠) قوتابخانەی سـەرەتایی کە (١٨) تێکەڵاو، (٣) کچان، (١٩) کوڕان، (١) باخچە سـاوایان زیادیکردوە، کە (٢٥) ئافرەت و (١٣٨) مامۆسـتای پیاو وانەکانیان گوتۆتەوە بۆ (٤٥٥٧) قوتابی کە (٥٤٠) کچ و (٤٠١٧) کوڕبون (التعليم الابتدائی والثانوی للعام الدراسی، ١٩٧٥-١٩٧٦، ٣٩).

**خشتەی ژمارە (٧) ژمارەی پۆل، قوتابی، قۆناغی سەرەتایی قەزای پشدەر لەساڵانی(١٩٧٥-١٩٧٦)دا.**

| ڕەگەزی قوتابخانە | ژ.قوتابخانەکان | پۆلی١ | پۆلی٢ | پۆلی٣ | پۆلی٤ | پۆلی٥ | پۆلی٦ | کۆی گشتی | ژ.قوتابی | | کۆی گشتی | ژ.مامۆستا | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | نێر | مێ | | نێر | مێ | |
| کوڕان | ١٩ | ٤٨٠ | ٤٦٠ | ٣٤٩ | ٢٨٠ | ٢٨٢ | ٢١٤ | ٢٠٦٥ | ٤٠١٧ | ٥٤٠ | ٤٥٥٧ | ١٣٨ | ٢٥ | ١٦٣ |
| کچان | ٣ | ٧٤ | ٨٢ | ٥٨ | ٢٠ | ٣٨ | ٢٨ | ٣٤٠ | | | | | | |
| تێکەڵاو | ١٨ | ٤٣٣ | ٤٢٢ | ٣٢١ | ٣٣٧ | ٢٨٩ | ٢٩٣ | ٢٠٩٥ | | | | | | |
| باخچەی ساوایان | ١ | ٥٧ | | | | | | ٥٧ | | | | | | |
| کۆی گشتی | ٤١ | ٩٨٧ | ٩٦٤ | ٧٢٨ | ٦٣٧ | ٦٠٩ | ٥٣٥ | ٤٥٥٧ | ٤٠١٧ | ٥٤٠ | ٤٥٥٧ | ١٣٨ | ٢٥ | ١٦٣ |

هەر لە ســاڵی خوێندنی (١٩٧٥-١٩٧٦) (٢) قوتابخانەی ناوەندی (١) دواناوەندی بۆ (٥٠٣) قوتابی کە (٨٥) کچ و (٤١٨) کوڕ، بەتێکەڵ دەوامیان کردووە بەســەر پۆلەکانی (یەکەمی ناوەندی تا پۆلی شــەشــەمی ئامادەیی)دا دابەشبون، بەڵام پۆلی (٥ ،٦)ی وێژەیی لەو ساڵەدا هیچ قوتابی نەبوە، وەک لەخشتەکەدا دەردەکەوێت.

**خشتەی ژمارە (٨) ژمارەی پۆل، قوتابی، قۆناغی ناوەندی، دواناوەندی قەزای پشدەر ساڵانی (١٩٧٥-١٩٧٦)دا.**

| ڕەگەزی قوتابخانە | ژ.قوتابخانەکان | یەکەمی ناوەندی | دوەمی ناوەندی | سێیەمی ناوەندی | چوارەمی گشتی | پۆلی پێنج | | پۆلی شەش | | ژ.قوتابی | | کۆی گشتی | ژ. ماموستا | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | وێژەیی | زانستی | وێژەیی | زانستی | نێر | مێ | | نێر | مێ | |
| ناوەندی | ٢ | ١٨٤ | ١٠٨ | ٩٦ | ٣٠ | | | | | ٣٤٦ | ٧٢ | ٤١٨ | | | |
| دواناوەندی | ١ | | | | | ٠٠ | ٤٥ | ٠٠ | ٤٠ | ٧٢ | ١٣ | ٨٥ | ٢١ | ٢ | ٢٣ |
| کۆی گشتی | ٣ | ١٨٤ | ١٠٨ | ٩٦ | ٣٠ | ٠٠ | ٤٥ | ٠٠ | ٤٠ | ٤١٨ | ٨٥ | ٥٠٣ | | | |

مصدر:التعليم الابتيدائى و الثانوى فى العراق، للعام الدراسى ١٩٧٥-١٩٧٦، مصدر الصابق، جدول رقم٧، ص٩٢.

لەم قۆناغەدا ئەوبابەتانەی خوێنراون تا ناوەڕاســـتی ســـاڵی (١٩٧٥) زیاتر بەزمانی عەرەبی بون وەک لەخشتەی ژمارە (٩)دا دەردەکەوێت.

**خشتەی ژمارە (٩) ماددەکانی قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی (ئامادەیی) دەخاتەڕو.**

| ژ | ماددەکانی قۆناغی ناوەندی | ماددەکانی پۆلی (٤،٥) زانستی | ماددەکانی پۆلی (٤،٥) وێژەیی |
|---|---|---|---|
| ١ | علم الدين(التربية الدينية) | الدين(القران والتفسير) | الدين(القران والتفسير) |
| ٢ | اللغةالعربية | اللغةالعربية | اللغةالعربية |
| ٣ | اللغة الانكليزية | اللغة الانكليزية | اللغة الانكليزية |
| ٤ | الرياضيات(الحساب والجبر والهندسة) | الاقتصاد | التاريخ |
| ٥ | المواد الاجتماعية(التاريخ والجغرافية والوطنية) | الجبر | الجغرافية |
| ٦ | العلوم العامة | الهندسة | دراسة احوال العراق |
| ٧ | التربية الفنية والاعمال اليدوية | المثلثات | الاقتصاد |
| ٨ | التربية الرياضية | الفيزيا | الرياضيان العامة |
| ٩ | ———— | الكيميا | العلوم العامة |
| ١٠ | ———— | الاحيا | الرسم |
| ١١ | ———— | الرسم | الرياضة |
| ١٢ | ———— | الرياضة | التدبير المنزلى وتربية الطفل |
| ١٣ | ———— | التدبير المنزلى وتربية الطفل | ———— |

مصدر: دار الكتب والوثائق: وزارة التربية والتعليم، مديرية التعليم العامة، ملف رقم٢٠١/٤٢١٢٠٠، وثيقة رقم١٠،ص٢٧-٣٨.

تێبینی:

١- لەم خشــــتەیەدا بابەتی زمانی کوردی نەهاتوە، چونکە ئەو خشــــتەیە بۆ هەمو قوتابخانەکانی عێراق بوە، بەڵام بۆ ناوچە کوردییەکان جیاوازی ئەوە بوە زمانی کوردی لەناو ماددەکاندا بونی هەبوە.

٢- ماددەی (ماڵ و پەروەردەی منداڵ- التدبیر المنزلی وتربیة الطفل) تایبەت بەکچان بوە، چونکە ئەو وانەیە زیاتر پەیوەندی بەئافرەتەوە هەیە.

لەســـاڵی (١٩٧٧) لەکۆی قوتابخانەکانی لیوای ســـلێمانی (٣٧) قوتابخانە لەپشـــدەر بون، کە (٢) قوتابخانە تایبەت بوە بەکچان، لەو ژمارەیە (٣) قوتابخانەی ناوەندی، کە یەکێکیان تایبەت بوە بەکچان، هەروەها لەکۆی قوتابخانەکانی پشـــدەر (١٤) قوتابخانە کەوتونە ناوەندی قەزاو (١٦) قوتابخانە لەناحیەی ناودەشـــت کە (٣) بینایان لەقوڕ دروســـتکراو بون، (٧) قوتابخانە لەناحیەی هێرۆ کە (٣)یان لە قوڕدروســـتکراو بون (احصـــاء، نتائج١٩٧٧: ١٣١-١٥٧)، بەڵام ساڵی خوێندنی (١٩٧٨-١٩٧٩) بۆتە (٤٢) قوتابخانەی سەرەتایی کە (٢٩) تێکەڵ و (٣) کچان و (١٠) کوڕان بون، ژمارەی مامۆســـتاکانی ئەو قۆناغە (٥٨) مامۆســـتای ئافرەت (١٥٥) مامۆســـتای پیاو بوە، ژمارەی قوتابییەکان (٣٠١٠) قوتابی کچ، (٦١١٧) قوتابی کوڕبوە (الاحصـــاء، التقریر الســـنوی، ١٩٧٨-١٩٧٩: ٤٣)، هەروەها (٢) قوتابخانەی ناوەندی (١) قوتابخانەی دواناوەندی هەبوە، مامۆســـتاکانیان (٢٤) پیاو (٦) ئافرەت بون بۆ (١٠٧٢) قوتابی کە (١٥٦) کچ بون. (الاحصـاء، التقریر السـنوی، ١٩٧٨-١٩٧٩: ٩٧)، ژمارەی قوتابی تازە وەرگیراو لەناوەندی لەو ساڵەدا (٣٠٣) کوڕ، (٣٥) کچ بوە، بەهەمان شێوە لەچوارەمی گشتی (٥٤) کوڕ، (١٢) کچ بوە، کە بەسەر (٣٩) پۆلی خوێندندا دابەشکراوە (الاحصاء، التعلیم الثانوی، ١٩٧٨-١٩٧٩: ٩٢).

**خشتەی ژمارە (١٠) ژمارەی پۆل، قوتابی، قۆناغی سەرەتایی قەزای پشدەر لەساڵانی(١٩٧٨-١٩٧٩)دا.**

| ڕەگەزی قوتابخانە | ژ.قوتابخانە | ژ.قوتابی | | کۆی گشتی | ژمامۆستا | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | | نێر | مێ | |
| کوڕان | ١٠ | ٦١١٧ | ٣٠١٠ | ٩١٢٧ | ١٥٥ | ٥٨ | ٢١٣ |
| کچان | ٣ | | | | | | |
| تێکەڵاو | ٢٩ | | | | | | |
| باخچەی ساوایان | ١ | | | | | | |
| ناوەندی ودواناوەندی | ٣ | ٩١٦ | ١٥٦ | ١٠٧٢ | ٢٤ | ٦ | ٣٠ |
| کۆی گشتی | ٤٦ | ٧٠٣٣ | ٣١٦٦ | ١٠١٩٩ | ١٧٩ | ٦٤ | ٢٤٣ |

بەو پێیەبێت لەنێوان ساڵانی (١٩٦٥-١٩٧٧) ژمارەی قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندییەکان بۆ سێ هێندەو زیاتر هەڵکشاوە. جگەلەوەی لەناو ناوەندی قەزا باخچەی ساوایان لەساڵی (١٩٧٢) کراوەتەوە، کە ساڵانە نزیکەی (٢٥-٣٠) منداڵی وەرگرتوە (سەعید، ٢٠٢١ – احصاء، التقریر السنوی، ١٩٥٧: ١٧٣).

لێرەدا ئەوەمان بۆدەردەکەوێت کە کەلتورە کۆنەکە بەرەبەرە کاڵبوەتەوە و لایەنی ڕۆشنبیری و هۆشیاری خەڵک لەو بارەیەوە زیاتربوە، لەلایەکی تر ئەو قۆرخکارییەی چینی دەســـتەڵاتداری ئاغا (دەرەبەگ) بەســـەر

پەروەردەدا لاوازبوە و چینی گشتی (مسکێن) پەرەی زیاتریان بەبوارەکە داوە و باشتربونی لایەنی ئابوری چینی گشتیش کاریگەری زۆری لەسەر زیادبونی ڕێژەی قوتابیان هەبوە.

**خشتەی ژمارە (١١) ژمارەی قوتابخانە، قوتابی، مامۆستایانی قەزای پشدەر بەپێی ڕەگەز لە سالانی (١٩٥٧-١٩٧٩)دا.**

| ژ | ساڵ | ژ.ق. سەرەتایی | ژ.قوتابی | | ژ.مامۆستا | | ژ.ق.ناوەندی ودواناوەندی | ژ.قوتابی | | ژ.مامۆستا | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ | نێر | مێ | | نێر | مێ | نێر | مێ |
| ١ | ١٩٥٧-١٩٥٨ | ٧ | ٢٢٥ | ٩ | ٥ | ... | ١ | ٤٣ | ... | ٤ | ... |
| ٢ | ١٩٦٤-١٩٦٥ | ١٠ | ٢٨٩ | ٢١ | ٥٠ | ... | ١ | ٢٨٩ | ... | ١٤ | ... |
| ٣ | ١٩٧٨-١٩٧٩ | ٤٢ | ٦١١٧ | ٣٠١٠ | ١٥٥ | ٥٨ | ٣ | ٩١٦ | ١٥٦ | ٢٤ | ٦ |

سەرچاوە: التقرير السنوى عن سير التربية والتعليم لسنة١٩٥٧، مصدر الصابق، جدول رقم (١٠) ص١٧٣؛ نتائج الاحصاء الثقافى للسنة الدراسية١٩٦٤-١٩٦٥، مصدر الصابق، جدول رقم(٧)، ص١٦٩؛ التقرير السنوى، الاحصاء التربوى، للعام الدراسى ١٩٧٨-١٩٧٩، مصدر الصابق، جدول رقم٤/٢، ص٩٧.

کەواتە لەماوەی سالانی (١٩٥٧-١٩٧٩) کە دەکاتە (٢١) ساڵ وەک لەخشتەکاندا دەرکەوتوە ڕێژەی خوێندن و خوێندەواری زۆر گەشەی کردوە، لەکاتێکدا لەساڵی (١٩٥٧) تەنها (٨) قوتابخانە کە (٢٧٧) قوتابی و (٩) مامۆستا هەبوە، لەساڵی (١٩٧٩) گەیشتۆتە (٤٥) قوتابخانە (١٠١٩٩) قوتابی، (٢٤٣) مامۆستا واتە٢١٪ زیادی کردوە.

ساڵی (١٩٧٩) حکومەتی عیراق (هەڵمەتی نیشتیمانی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری) ڕاگەیاندوە و خوێندنی بۆ هەر کەسێک تەمەنی لە خوار(٤٥) ساڵیەوە بوبێت بەزۆرەملێ کردوە، بۆئەو مەبەستەش چەند بنکەیەکی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەپشدەر کردوەتەوە کە بەسەر تەواوی ناوچەکەدا بەپێی دانیشتوان دابەشکراون لەوانە: لە (گەرەکی کارەبا (٢) بنکە، لەئۆردوگای پێماڵک بنکەکانی (بەکاو، ساوێن، بنار، ژنان، سەرچیا)، لەناحیەی سەنگەسەر (٢) بنکە، ژاراوە (٢) بنکە، بەستەستێن (٢) بنکە، لەو بنکانەش یەکێک بۆ ژنان و یەکێک بۆ پیاوان بوە) ژمارەیەکی زۆری خەڵک لێیانەوە سودمەندبون، قوتابیانی ئەو بنکانە تەنها جیاوازیان لەقوتابیانی تر ئەوەبوە بەساڵێک دو پۆلیان بڕیوە. هەر لەساڵی (١٩٧٩) دواناوەندیی ئێوارانیش لە قەڵادزێ کراوەتەوە، بۆئەوەی ئەو ڕێژە زۆرە نەخوێندەواریەی لەناوچەکەدا بونی هەبوە کەم بکرێتەوە، تەنانەت تەمەن ڕێگرنەبوە لەبەردەم قوتابییاندا، کە (٦)ی ئامادەیی قوتابی هەبوە و تا ساڵی (١٩٨٩) بەردەوام بوە(پیرۆت، ٢٠١٢: ٣٨-٤١).

لە ساڵی (١٩٨٠) بەهۆی کرانەوەو تێکەڵبونی خەڵک ژمارەی قوتابیان زیاتر زیادی کردوە، بەجۆرێک قوتابی تازە وەرگیراوی پۆلی یەکەمی ناوەندی (٤٠٠) کوڕ و (٥٥) کچ بون، هەروەها پۆلی چوارەمی گشتی (١٠٥) کوڕ و (٨) کچ بون و بەسەر (٥٣) پۆلدا دابەشکراون. کۆی قوتابیانی ناوەندی (١٦٤٠) قوتابی بوە، ژمارەی مامۆستایان (٢٨) مامۆستای پیاو (١١) ئافرەت بوە، کۆی گشتی قوتابخانەکان لەو قۆناغەدا (٥) قوتابخانە بون، لەگەڵ (٤٤) قوتابخانەی سەرەتایی، کە (٣١) قوتابخانەی تێکەڵ (٣) کچان، (١٠) کوڕان، ژمارەی

مامۆستایانی ئەو قۆناغە (٥٨) مامۆستای ئافرەت (١٦٠) مامۆستای پیاو بوە، بۆ (٣٠٥٠) قوتابی کچ (٦٣١٠) قوتابی کوڕ بون (احصاء، التعليم الثانوی، ١٩٧٩-١٩٨٠: ٨٢).

لە ساڵی (١٩٨٤) قوتابی تازە وەرگیراوی پۆلی یەکەمی ناوەندی (٣٢٠) کوڕو (١٠٢) کچ بون، هەروەها لەپۆلی چوارەمی گشتی (٢٠٠) کوڕو (٣٤) کچ بوە، کۆی قوتابیانی ناوەندی و دواناوەندی (٢٢٩٤) قوتابی بوە، ژمارەی مامۆستایان (١١١) مامۆستای پیاو (١٢٥) ئافرەت بوە، کۆی گشتی قوتابخانەکان لەو قۆناغەدا (٥) قوتابخانە بون، ژمارەی قوتابخانە سەرەتاییەکان زیادیان نەکردوە، بەڵام ژمارەی قوتابیان بوەتە (٣١٥٣) قوتابی کچ (٦٧٠٧) قوتابی کوڕ بون ((احصاء، التعليم الابتيدائی، ١٩٨٣-١٩٨٤: ج٢٣).

لە ساڵی (١٩٨٧-١٩٨٨) بارودۆخێکی ئاڵۆزی سیاسی و سەربازی ناوچەکەی گرتۆتەوە، بەڵام قوتابخانەکان بۆ (٨) قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی زیادبوە، ژمارەی قوتابیانی ئەو قۆناغە بۆتە (١٨٠٨) کوڕو (٧٤٧) کچ، هەروەها قوتابخانە سەرەتاییەکان بۆ (٤٥) قوتابخانە زیاد بوە. کە (٣٢) قوتابخانەی تێکەڵ (٣) کچان و (١٠) کوڕان، ژمارەی مامۆستایانی ئەو قۆناغەش (٧٩) مامۆستای ئافرەت (١٣٩) مامۆستای پیاو، بۆ (٣٢٢٠) قوتابی کچ (٦٤١١) قوتابی کوڕ دابەشبون (احصاء، التعليم الثانوی، ١٩٨٧-١٩٨٨: ج٢٣).

بەڵام لە ساڵی (١٩٨٩) بوەتە (١٤٩٥) کوڕو (٦٧٣) کچ، قوتابخانە سەرەتایەکانیش بۆ (٣٥) قوتابخانە کەمی کردوە (احصاء، التعليم الابتيدائی، ١٩٨٨-١٩٨٩، ج٢١)، (بڕوانە: پاشکۆی ژمارە ٤)، ژمارەی قوتابیانیش بۆتە (٢٨٥٠) قوتابی کچ (٥٨٥٠) قوتابی کوڕ بوە (احصاء، التعليم الابتيدائی والثانوی، ١٩٨٨-١٩٨٩: ج٢٣).

بەپێی ژمارەکان بارودۆخی خوێندن و پەروەردە لەگەڵ ئەوەی بارودۆخێکی ئاڵۆزی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتیش بەهۆی ڕاگواستنەوە، کاریگەری لەسەر دانیشتوان دروستکردوە و حکومەت بەهۆی ئەوەی کەوتۆتە ناو شەڕی هەشت ساڵەی (عێراق – ئێران) لەنێوان ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨) پشتگوێخستنی زۆربەی لایەنە خزمەت گوزارییەکان و سەرف کردنی بەشێکی زۆری داهاتی وڵات لەو شەڕەدا، بەڵام دەبینین لەنێوان ساڵانی (١٩٧٩-١٩٨٩) ژمارەی (قوتابخانە، قوتابی، مامۆستا) ساڵ لەدوای ساڵ زیادبوە، تەنها ساڵی (١٩٨٩) نەبێت ژمارەکان بەهۆی دۆخی ئاڵۆزی قەزاکەوە کەمی کردوە وەک لەخشتەی ژمارە (١٢)دەردەکەوێت.

**خشتەی ژمارە (١٢) ژمارەی قوتابخانە و قوتابی و مامۆستایانی قەزای پشدەر بەپێی ڕەگەز لەساڵانی (١٩٧٩-١٩٨٩)دا.**

| ژ | ساڵ | ژ.ق. سەرەتایی | ژ.قوتابی | | ژ.مامۆستا | | ژ.ق. ناوەندی ودواناوەندی | ژ.قوتابی | | ژ.مامۆستا | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ | نێر | مێ | | نێر | مێ | نێر | مێ |
| ١ | ١٩٧٩-١٩٨٠ | ٤٤ | ٦٣١٠ | ٣٠٥٠ | ١٦٠ | ٥٨ | ٥ | ١٤٢١ | ٢١٩ | ٢٨ | ١١ |
| ٢ | ١٩٨٣-١٩٨٤ | ٤٥ | ٦٧٠٧ | ٣١٥٣ | ٢١٠ | ٧٢ | ٥ | ١٩٤١ | ٣٥٣ | ٣١ | ١٣ |
| ٣ | ١٩٨٦-١٩٨٧ | ٤٥ | ٦٤١١ | ٣٢٢٠ | ١٣٩ | ٧٩ | ٨ | ١٨٠٨ | ٧٤٧ | ٣٣ | ١٦ |
| ٤ | ١٩٨٨-١٩٨٩ | ٣٥ | ٥٨٥٠ | ٢٨٥٠ | ١٥٥ | ٥٤ | ٨ | ١٤٩٥ | ٦٧٣ | ٢٤ | ٦ |

سەرچاوە: التقرير السنوی،الاحصاء التربوی، للعام الدراسی١٩٧٨-١٩٧٩، مصدر السابق، جدول رقم٤/٢، ص٩٧؛التعليم الثانوی فی العراق، للعام الدراسی ١٩٧٩-١٩٨٠، مصدر السابق، جدول رقم٣٧،ص٨٢؛ التعليم الثانوی فی العراق، للعام الدراسی١٩٨٣-١٩٨٤، مصدر السابق، جدول رقم٣٧؛ التعليم الابتيدائی فی العراق، للعام الدراسی١٩٨٣-١٩٨٤، مصدر السابق، جدول رقم٢٣؛ التعليم الثانوی فی العراق، للعام الدراسی١٩٨٧-١٩٨٨، مصدر السابق، جدول رقم٢٣؛ التعليم الابتيدائی فی العراق، للعام الدراسی ١٩٨٨-١٩٨٩، مصدر السابق، جدول رقم٢١.

هەرچی ژمارەی مامۆستایانە ساڵ بەساڵ زیادیکردوە، بەزۆری پێیان گوتون (ئەفەندی)، چاکەت وپانتۆڵیان لەبەرکردوە (مەلا کریم، ٢٠١٠، ١٢٩). بەزۆری مامۆستایانی شارەکانی تر نێراونەتە ناوچەکەو وانەیان بە قوتابیان گوتۆتەوە، تا سەرەتای ساڵی(١٩٨٠)، بەڵام دواتر بەشێکی زۆری مامۆستایان لەدانیشتوانی قەزاکە بون، هەرچەندە هیچ ئامارێک لەبەردەست نییە سەبارەت بەلایەنی نەتەوەییان، بەڵام بەپێی گێڕانەوەی کۆمەڵێک کەس تێکەڵەیەک هەبوە لەلایەنی نەتەوەیی.

**خشتەی ژمارە (١٣) ژمارەی مامۆستایانی قەزای پشدەر بەپێی ڕەگەز لەساڵانی(١٩٥٧-١٩٨٩)دا.**

| ژ | ساڵ | ژ.مامۆستا سەرەتایی | | ژ.مامۆستا ناوەندی و دواناوەندی | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | نێر | مێ |
| ١ | ١٩٥٧-١٩٥٨ | ٥ | ... | ٤ | ... |
| ٢ | ١٩٦٣-١٩٦٤ | ٥٣ | ... | ٥ | ... |
| ٣ | ١٩٦٤-١٩٦٥ | ٥٠ | ... | ١٤ | ... |
| ٤ | ١٩٦٥-١٩٦٦ | ١٢٠ | ١٠ | ٤٨ | ٩ |
| ٥ | ١٩٧٥-١٩٧٦ | ١٣٨ | ٢٥ | ١٦ | ٦ |
| ٦ | ١٩٧٨-١٩٧٩ | ١٥٥ | ٥٨ | ٢٤ | ٦ |
| ٧ | ١٩٧٩-١٩٨٠ | ١٦٠ | ٥٨ | ٢٨ | ١١ |
| ٨ | ١٩٨٣-١٩٨٤ | ٢١٠ | ٧٢ | ٣١ | ١٣ |
| ٩ | ١٩٨٧-١٩٨٨ | ١٣٩ | ٧٩ | ٣٣ | ١٦ |
| ١٠ | ١٩٨٨-١٩٨٩ | ١٥٥ | ٥٤ | ٢٤ | ٦ |

سەرچاوە: التقرير السنوی عن سير التربيةو التعليم لسنة١٩٥٧، مصدر السابق، جدول رقم (١٠) ص١٧٣؛ نتائج الاحصاء الثقافی للسنه الدراسية١٩٦٤-١٩٦٥، مصدر السابق، جدول رقم(٧)، ص١٦٩؛ التقرير السنوی للعام الدراسی١٩٧٨-١٩٧٩، مصدر السابق، جدول رقم٤/٢، ص٩٧؛ التقرير السنوی للعام الدراسی١٩٧٨-١٩٧٩، مصدر السابق، جدول رقم٤/٢، ص٩٧؛ التعليم الثانوی فی العراق، للعام الدراسی ١٩٧٩-١٩٨٠، مصدر السابق، جدول رقم٣٧، ص٨٢؛ التعليم الثانوی فی العراق، للعام الدراسی١٩٨٣-١٩٨٤، مصدر السابق، جدول رقم٣٧؛ التعليم الابتيدائی فی العراق، للعام الدراسی١٩٨٣-١٩٨٤، مصدر السابق، جدول رقم٢٣؛ التعليم الثانوی فی العراق، للعام الدراسی١٩٨٧-١٩٨٨، مصدر السابق، جدول رقم٢٣؛ التعليم الابتيدائی فی العراق، للعام الدراسی ١٩٨٨-١٩٨٩، مصدر السابق، جدول رقم٢١.

## سیاسەتی حکومەت لەبارەی خوێندن و پەروەردەوفێرکردن:

سیاسەتی حکومەت بەڕونی بەپرۆسەکەوە دیاربوە، بایەخی زۆری بەو ناوچەیە نەداوە، بەهۆی ئەوەی پشدەر تاماوەیەکی زۆر نیمچە سەربەخۆ بوە، دواتریش بەهۆی دورەدەستی و هەڵکەوتەی ناوچەکە وایکردوە زۆر کات ببێتە مەڵبەندی شۆڕشگێڕان دژی دەسەڵاتی ناوەندی، لەبەرئەوە حکومەت خوێندن و پەروەردەو فێرکردنی خەڵکی ناوچەکەی زۆر بەلایەوە گرنگ نەبوە، زۆرجار هەوڵی پەککخستنیشی داوە، ئەوەتا لەدوای ساڵی (١٩٦٣) زۆربەی قوتابخانەکان کەوتونەتە بەرپەلاماری حکومەت بەتایبەت لە گوندەکان ژمارەیەکی زۆری قوتابخانەکانی داخستون(عەبدوڵڵا، ٢٠١٦: ٩٧).

بەگشتی تاساڵی (١٩٧٠) بایەخێکی ئەوتۆ بەخوێندن لەناوچەکە نەدراوە، هەرچەندە ژمارەیەک قوتابخانە کراونەتەوە و ژمارەی قوتابیان زیادیکردوە، بەڵام بەهەوڵ و لەخۆبوردەیی خەڵکی ناوچەکەوە بوە، بەدەر لەوەی حکومەت ویستویەتی لەڕێگەی ئەو قوتابخانانەوە سیاسەتی خۆی لەو ناوچەیە بخاتەگەڕ، بەڵام لەدوای ڕێکەوتنی (١١ی ئازاری١٩٧٠) تارادەیەک بارودۆخەکە گۆڕانی بەسەرهاتوە، بەهۆی کردنەوەی قوتابخانەی زیاتر و گۆڕینی زمانی خوێندن بەکوردی و ڕێگەدان بەخوێندنی مێژوی نەتەوەیی و چاپکردنی ژمارەیەکی زۆر کتێب و دامەزراندنی ژمارەیەک مامۆستا و ڕێگەدان بەگەڕانەوەی هەمو ئەوانەی بەهۆی دۆخی شۆڕشەوە وازیان لەخوێندن هێناوە (حسن، ٢٠٠٨، ٧٤ – عەبدوڵڵا، ٢٠١٦: ٩٤ – ژین، ر، ١٩٧١: ٣)، بەڵام دوای نسکۆی شۆڕش لەساڵی (١٩٧٥) ڕژێمی بەعس لەدوای گەڕانەوەی خەڵک بەشێکی مامۆستایانی دورخستەوە و دەستی خستەناو بواری پەروەردەو خوێندنەوە و پرۆسەکەی کردۆتە بەشێکی دانەبڕاو لەبەرنامەی حیزبەکەی و بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدا بوە کۆسپی بخاتە بەردەم ونەهێڵێت گەشەبکات(عەبدوڵڵا، ٢٠١٦، ١٠٠- ١٠١).

هەروەها ژمارەی بەمیلاکات و مامۆستایان زۆرکەم بون، بەتایبەت پارێزگای سلێمانی بەڕونی دیارە کە لەچاوشارە عەرەبییەکان کەمتر بایەخی پێدراوە(احصاء، التقرير السنوى،١٩٥٦-١٩٥٧: ٣٤).

لەدوای ساڵی (١٩٧٥) کوڕان ئەوانەی تەمەنیان شیاوبوە بۆ سەربازی براونەتە خزمەتی سەربازی کە هۆکاربوە بۆ کەمبونەوەی مامۆستا و پەککەوتنی پرۆسەکە(عەبدوڵڵا، ٢٠١٦: ٩٨)، هەروەها بینای قوتابخانەکان کە بەشێکی سەرەکی پرۆسەکە بون تارادەیەکی زۆر خراپ و وێران بون و شیاوی خوێندن وپەروەردەیان نەبوە و بەشێکی زۆریان لەخانوی ماڵان وکرێدا بون و زۆر بایەخ بەکردنەوەی بینای تازەو پێشکەوتو نەدراوە، جگەلە نەبونی کتێبی پێویست و کتێبخانە لەشارەکەدا زۆر کەمبوە ئەو قوتابخانانەی هەشبون کتێبخانەیان نەبوە، تەنانەت کتێبی قوتابیانیش زۆرکەم بوە، جگەلەوەی زۆربەی کتێبەکان بەزمانی عەرەبی بون گرنگی بەزمانی کوردی و کتێب و خوێندنی بابەتە کوردییەکان ونەتەوەیەکان نەدراوە(کەریم، ٢٠١٠: ١٣٥ – ڕەسوڵ، ٢٠٠٩: ٢٥).

هەندێک کاتیش دەسەڵاتی کوردی کەمتەرخەم بوە لە هێنانە پێشی دەرفەت بۆ ئەوەی هەم قوتابخانە و هەمیش کتێبەکان بەکوردی بکات بۆ گەشەدان بەخوێندن وپەروەردە (عەبدوڵڵا، ٢٠١٦: ١٠١)، لەناوچەکەدا، چونکە

زۆربەی کات پشدەر لانەی شۆڕش بوە، بەڵام لەو لایەنەوە شۆڕش بێ بەرنامە بوە، لەگەڵ هەمو ئەمانەش پروسەی خوێندن وپەروەردە و فێرکردن لەچاو سالانی پێشوتر تاسالی (١٩٨٩) بەردەوام گەشەی کردوە و ڕێگرییەکان نەبونەتە هۆکاری وەستاندنی.

## ئەنجام:

١-بەهۆی ئەوەی زۆربەی خەڵکی پشدەر مسوڵمان و پەیڕەوی ئایینی ئیسلامە زۆر هۆگری مزگەوت بون، ئەوەش وایکردوە لەزۆربەی دەڤەرەکە مزگەوت دروست بکرێت و ژمارەیان زۆربێت، لەپاڵ هەرمزگەوتێکیش شوێنێک بۆخوێندن دروستکراوە بەناوی قوتابخانەی ئایینی (حوجرە) کە بۆماوەیەکی زۆر ئەو قوتابخانانە بونەتە تاکە مەڵبەندی فێرکردن وڕ ۆشنبیرکردنی خەڵک.

٢-تا سالی ١٩٣٨ و دواتر بەهۆی ئەوەی هیچ ناوەندێکی فێرکردنی فەرمی لەناوچەکەدا بونی نەبوە حوجرەکان تەواوی ئەو بۆشاییەیان پڕکردۆتەوە وبەردەوام بون لەسەرفێرکردنی منداڵان وخەڵکی ناوچەکە، ئەوەش وایکردوە خەڵکی ناوچەکە دانەبڕێن لەلایەنی خوێندن وفێرکردن هەرچەندە کەمیش بوبێ، بەڵام بەردەوام بون، هاووڵاتیان زۆر گرنگی بەو ناوەندانە داوە، تەنانەت ئەرکی تەواوی بەڕێوەبردنیان لەسەر دانیشتوانی ناوچەکەبوە، ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە پێیان وابوە هەر ئاوایی وناوچەیەک قوتابی و قوتابخانەی ئایینی نەبێت وەک چۆڵەوانی وایە.

٣-دوای سەرهەڵدانی خوێندنی فەرمی و کردنەوەی قوتابخانە فەرمییەکان بۆماوەیەکی زۆر هاوتەریب لەگەڵ خوێندنە نافەرمیەکە بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدابون ئەو ڕێژە زۆرە نەخوێندەواریەی ناوچەکە کەم بکەنەوە ئەوەش بۆتە هۆکاری دەرکەوتنی ڕۆشنبیریەکی تێکەڵ لەناو فێرخوازاندا، کە دواتر بەو هۆکارە چەندان کەسی شارەزا لە هەردو بوارەکەدا دەرکەوتون و ڕۆڵی کاریگەریان بەسەر دانیشتواندا هەبوە.

٤-بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەکەو دورەدەستی لەدەسەلاتی ناوەند زۆربەی کات بۆتە بنکەی هێزە شۆشگێڕییەکان لەدژی حکومەت، کە ئەوەش کاریگەری زۆری لەسەر سیاسەتی حکومەتە یەک لەدوایەکەکان هەبوە تاوەکو زۆر بایەخ بەلایەنی خوێندن و فێرکردن ناوچەکە نەدەن و ڕێژەی نەخوێندەواری بەبەرزی بمێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دانیشتوانی ناوچەکە زۆربەپەرۆش بون بۆفێربون بۆئەوەی لەنەخوێندواری ڕزگاریان بێت، ئەوەش ببوە هۆی زیاتر بەپیرەوەچونی خوێندن وخوێندەواری لەکۆتایدا ڕێژیەکی زیاتری خەڵک فێری خوێندن وخوێندەواری بون .

# The Situation of Educational system in Pshdar(1958 _ 1989) (Historical Research)

**Dara Tawfeeq Kaka Amin**
Department of History,College of Humanities,Raparin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** daratofiyq@uor.edu.kud

**Mohammad Ahmad Rasul**
Department of History, College of Humanities, Raparin University,Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** mohamed.ahmed@uor.edu.krd

**Abstract:**

One of the most important reasons for communities developing is the educational system. It has a direct impact on all other aspects of life, which is why it is so important for advanced communities, because success in education leads to success in other aspects of living.

Pzhadar is an isolated location. It is in the region's order. Many of it residents were illiterate due to the lack of schools in the area, with the exception of few religious educational systems that were served at random. However, after the revolution of July 14, 1958, which changed the country's political system from a monarchy to a republic, education progressed, while much religious schooling was stopped.

Pshdar was always an excellent place for partisans. As a result, all Iraqi governments have been an obstacle to the growth of the educational field. Furthermore, until 1989, the sector was growing year after year.

This development reduced the number of uneducated people. This progress caused the community to take a step ahead, eliminating the regress of previous years. Even the girls went to schools and stepped into a new world, and as a result, many scholarly and educated people grew up in the area.

**Keywords:** Faqe, Mullah, Hujra, Education, Student, Teacher.

## پەراوێزەکان:

١- حوجرە بەمانای ژور یان هۆڵ دێت لەڕوی زمانەوانییەوە، بەڵام لەڕوی زاراوەییەوە بریتیبو لەژورێک یان چەند ژورێک بەتەنیشـــت مزگەوتەوە دروســـتدەکران، وەک حوجرەی وانەبێژ، حوجرەی مەلای ئیمام، حوجرەی ئازوخەی فەقێیان، حوجرەی شـــتومەک و پێداویســـتی مزگەوت و حوجرەی مجێوری مزگەوت، و یەکێک لەو حوجرانە تایبەتدەکرا بۆ فێرکردنی منداڵان (وجدی،١٩٧١: ص٣٢٣)، (حەسەن،٢٠٠٨: ٢٤)، ( قەرەداغی،١٩٩٨: ٢٤).

٢- وشەی (فەقێ) لەڕوی زمانەوانییەوە لە وشەی (فقه)ی عەرەبییەوە هاتوە، کە بەمانای زانا یاخود هەبونی زانست و تێگەیشتن لە شـــتێک دێت، بەڵام لەڕوی زاراوەییەوە بە هەمو ئەو قوتابییانە گوتراوە، کە لە حوجرەکاندا دەیانخوێند، تاکو دەبونە مەلا (منظور، بدون سنة طبع: ٣٠٥)،(مەلای ڕەش ،١٩٨٦: ١١٥)،(هەورامی، ٢٠٠٨: ٣٧٤).

٣- حینجە: واتە خوێندنەوەی پیت بەپیت بە (ســەرەوژێرەو بۆرە وزەنە)وە، بەڵام حینجە بەســایە واتە خوێندنەوە یەکســەری بو بەبێ سەرەوژێرە(محمود ، ٢٠١٢: ٨٦).

٤- جزء واتە بەشـێک لەقورئان کە کۆمەڵێک ســورەتی قورئان دەگرێتەوە، بۆ نمونە جزئی عم کە عم خۆی ســورەتێکە و چەند سورەتێکی کورتی تری لەگەڵدایە وبەهەمویان دەگوترێت جزئی عم، بۆ جزمەکانی تریش هەروابون.

٥- (موستەعید) وشەیەکی عەرەبیە کە لە (مستعد)وە هاتوە، بەمانای سازو ئامادە، بەڵام لەزاراوەی فەقێیەتیدا بەفەقێیەک وتراوە گەیشتبێتە کتێبی(جامی)و سەروتر.

٦- بڕوانامەیەک بو لەلایەن مامۆستا ومەلاوە دەبەخشـرا بەوفەقێیەی کە دوازدە عیلمەکانی حوجرەی تەواوکردبو، لەڕێگەی ئەو بڕوانامەیەوە مافی ئەوەی پێدەدرا کە ئەرکەکانی مەلایەتی جێبەجێبکات، لەدەرس وتنەوە و پێشـنوێژی و وتاردانی ڕۆژانی هەینی ودادوەری وفەتوا دەرکردن و کۆمەڵێـک کـاری تر کە پەیوەســـتبون بەلایەنی ئـایینی وکۆمەڵایەتییەوە (زمزیران،١٣٨٢: ١٩٧)،(سعدالدین ، ١٩٩٥: ١٨٢)،( ئادەم، ٢٠٠٢: ٦٨)،( الگوانی ،٢٠١٢: ١٧).

٧- وشەی (مەلا) لەڕوی زمانەوانییەوە لەوشەی(الملاء – أملاء)ی عەرەبییەوە هاتوە. کە بەواتای پڕ یاخود بێ پێوست دێت، بەڵام لە ڕوی زاراوەییەوە بەو فەقێیە دەگوترا کە قۆناغی حوجرەی تەواودەکرد و شـــارەزایی تەواوی لەبنەما ســـەرەکییەکانی ئایینی ئیسـلامیدا هەبو، جێگای متمانەی خەڵک بو، یاخود بەو کەسـە دەگوترا مەلا کە هەڵگری ئیجازەی مەلایەتی (الإجازة العلمیة) بوایە، لانی کەم دوازدە عیلمەکەی زانیبا(وەرتی ، ٢٠١١: ٢).

٨- (ڕاتبە-ڕاتو): لەڕوی زمانەوانییەوە وشـــەیەکی عەرەبییە و بەواتای موچە یان موچەی مەعاش و ژیان، یا مورەتەبات و پێداویسـتی ژیان دێت، بەڵام لەڕوی زاراوەی ناو فەقێیان، ڕاتو بەو خواردەمەنی و نان و پێخۆرە دەگوترێت کە فەقێی سـوختە لە ناو شار و گەڕەکی شار یان لە لادێ و گوند کۆیدەکاتەوە و بۆخۆیان کەڵکی لێوەردەگرن و پێداویستی ژیان و ڕۆژانەی خۆیانی پێ دابیندەکەن(هەورامی ،٢٠٠٨: ٣٩٢-٣٩٤).

## سەرچاوەکان:


دار الكتب والوثائق:وزارة التربية والتعليم، مديرية التعليم العامة، ملف رقم٢٠١/٤٢١٢٠٠، وثيقة رقم١٠.

الجمهورية العراقيه، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، التعليم الثانوى في العراق، للعام الدراسى ١٩٧٩-١٩٨٠.

الجمهورية العراقيه، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصـــــاء، التعليم الثانوى فى العراق، للعام الدراســـى١٩٨٣-١٩٨٤ ،مطبعة الحكومية، بغداد.

الجمهوريه العراقيه، وزارة التخطيط، جيهاز المركزى الاحصـــــاء،الدائرة الاحصـــــاء الاجتيماعية، التعليم الابتيدائى فى العراق، للعام الدراسى-١٩٨٤، مطبعة الحكومية، بغداد.

الجمهورية العراقيه، وزارة التخطيط، الدائرة الاحصـــــاء المركزية ، قســـم الاحصـــــاء الثقافى، نتائج الاحصـــــاء الثقافى للســـنه الدراسية١٩٦٤-١٩٦٥، مطبعة الحكومية، بغداد.

الجمهورية العراقيه، وزارة الاقتصـــاد، الدائرة الرئيســـية للاحصـــاء، التقرير الســـنوى عن ســـير التربيةوالتعليم لســـنة١٩٥٧، مطبعة الحكومية، بغداد.

الجمهورية العراقيه، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصـاء، نتائج التعداد العام للسكان، المحافظة السليمانية، لسـنة١٩٥٧، لوائى السليمانية وكركوک، مطبعة العانى، بغداد.

الجمهورية العراقيه، وزارة التخطيط، جيهاز المركزى الاحصـاء، الدائرة الاحصـاء الاجتيماعية، التعليم الابتيدائى و الثانوى فى العراق، للعام الدراسى ١٩٧٥-١٩٧٦، مطبعة الحكومية، بغداد.

الجمهورية العراقيه، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصـــــاء، نتائج التعداد العام للســـكان، المحافظة الســـليمانية، لســـنة١٩٧٧، المطبعة الجهاز المركزى للأحصاء، بغداد.

الجمهورية العراقيه، وزارة التربية،المديرية العامة للتخطيط التربوى، قســـم الاحصـــــاء، التقرير الســـنوى، الاحصـــــاء التربوى، للعام الدراسى ١٩٧٨-١٩٧٩، مطبعة الحكومية، بغداد.

الجمهورية العراقيه، وزارة التربية، المديرية العامة للتخطيط التربوى، الاحصـاء، التعليم الثانوى، للعام الدراســى١٩٧٨-١٩٧٩، مطبعة الحكومية، بغداد.

الجمهورية العراقيه، وزاره الاقتصـاد، الدائره الرئيسـيه للاحصـاو، التقرير السـنوى عن سـير التربيةوالتعليم لسنة١٩٥٦-١٩٥٧،مطبعة الحكومية، بغداد.

الجمهورية العراقيه،وزاره التربيه، الاحصـــــاء التربوى التقرير الســـنوى لســـنه١٩٦٣-١٩٦٤،مديريه الشـــؤون الفنية العامة بوزاره التربيه،مطبعة الحكومية، بغداد.

الجمهورية العراقيه، وزاره التربيه، الاحصـــــاء التربوى التقرير الســـنوى لســـنه١٩٦٥-١٩٦٦، مديريه الشـــؤون الفنيه العامة،مديرية الأحصاء التربوى، بوزاره التربيه، مطبعة الحكومية، بغداد، مطبعة الحكومية، بغداد.

الجمهورية العراقيه، وزاره التربيه، الاحصـــاء التربوى التقرير الســنوى لســنه١٩٦٦-١٩٦٧،مديريه الشــؤون الفنيه العامة،مديرية الأحصاء التربوى، بوزاره التربيه، مطبعة الحكومية، بغداد، مطبعة الحكومية، بغداد.

المملكه العراقيه، وزاره الشـؤن الاجتماعية، مديرية النفوس العامة، احصــاء الســكان لســنة١٩٤٧، ج٢، لواء الموصــل-كركوك-السليمانية- اربيل، مطبعة الحكومية، بغداد.

باپیر، علی، ٢٠١١، زانایانی ئیسلام کێن وچین، ناوەندنی ڕاگەیاندنی ئارا،چ٣ ،سلێمانی.

باپیر، علی،١٩٩٩، مزگەوتەکانی کوردستان لەنێوان ئاوەدانی و وێران کردندا،چ١.

بەرزنجی،عومەرشێخ لەتیف،٢٠٠٧، ڕەوشی حوجرە لەپێگەیاندنی زانا ئایینیەکانی شاری هەولێر،چ١،چاپخانەی منارە، هەولێر.

بێژوەی، ئەحمەد مەلا صــالّح مەلانەجیب ،٢٠٠٦ ،خواناســان وزانایان وناودارانی کورد لەناوچەی ئالانی ســەردەشــت و پشــدەر، ب١،چ١، بێ شوێنی چاپ.

بێژوەی، ئەحمەد مەلا صــالّح مەلانەجیب ،٢٠١٣ ،خواناســان وزانایان وناودارانی کورد لەناوچەی ئالانی ســەردەشــت و پشــدەر، ب٣،چ١، بێ شوێنی چاپ.

حسن، غازی، ٢٠٠٨، خوێندەواری ڕێگەیەکی سەخت ودرێژ لەکوردستاندا،چ١،دەزگای چاپی ئاراس، هەولێر.

حوسێن، محسین موحەممەد،٢٠١٠، هەولێرلەسەردەمی ئەتابەگیاندا،و:عثمان علی قادر،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

حەسەن، مەحمود عەزیز،٢٠٠٨، ژیانی فەقێ و دەنگی فەقێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

زمزیرانی، سەیدمستەفا محمودیان،١٣٨٢، فەقێ وفەقێیەتی لەکوردستان،چاپخانەی مهارات،تاران،چ١.

زەلّمی، مســتەفا ابراهیم، ٢٠١١، دەروازەیەک بۆخوێندنی شــەریعەتی ئیســلامی،و:عبدالصــمد محمد خەیلانی،چاپخانەی منارە،چ١، هەولێر.

سجادی، علاءالدین، ١٩٧٤،کوردەواری، چاپخانەی مەعارف، بغداد.

عبدالله، ڕەسوڵ عبدالله،٢٠١٣ ،عەشیرەتی مەنگوڕ، ئنستیتیوی کەلەپوری کورد،چاپخانەی شڤان،سلێمانی.

عفدالفتاح، حمیدآحمد، ٢٠٢٠، ژیان نامەی زانایان،چ١، ب٢،چاپخانەی چوارچرا،سلێمانی.

عفدالفتاح، حمیدآحمد، ٢٠٢١،ژیان نامەی زانایان،،چ١، ب٣،چاپخانەی چوارچرا،سلێمانی.

عفدالفتاح، حمیدآحمد،٢٠١٩، ژیان نامەی زانایان،چ١، ب١،چاپخانەی چوارچرا،سلێمانی.

عەلیاوەی، محمدعلی،٢٠٠٣ ، ژیانی فەقێیەتی لە کوردستان،سلێمانی.

قەرەداغی، موحەمەد علی،١٩٩٨، بوژانەوەی مێژووی زانایانی کورد لەڕێگەی دەســـتخەتەکانیانەوە، ب١،چ١،چاپخانەی ومیض، بەغداد.

کاکەسور، محمد عبدالله،٢٠١٠، لەکتێبی مێژووی زانیانی کورد،ن، مەلاطاهیر مەلاعبدالله بەحرکەیی،چ١، ب١،چاپخانەی ئاراس.

کاکە ئەمین، دارا تۆفیق، ٢٠١١، ناوچەی پشـــدەر لەســـەردەمی پادشـــایەتیدا(١٩٢١-١٩٥٨)، بڵاوکراوەی ســـەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان،سلێمانی.

کاکەمەم بۆتانی، عەلی خالید حەمید،٢٠٠٣، لەدووتوێی یادداشتی شاردا،چاپی دووەم،چاپخانەی شڤان،سلێمانی.

مەجید، هەوراز جەوهەر، ٢٠١٢، شاری سلێمانی(١٤ی تەموزی١٩٥٨-١٧ی تەموزی ١٩٦٨)،چ١،چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

مێهر ئارا ، عەلی ئەکبەر، ب.س ،مێژووی پەروەردەو فێرکردن لەڕۆژگاری کۆنەوە تارێنسانس،و:قادر وریا، ب.ش، ب.چ.

نورەدیینی، علی،٢٠٠٤، مەلا محمدی نورەدینی زاناو چاکەخواز.

هەورامی، حمە کەریم، ٢٠٠٨، مێژووی پەروەردەو خوێندن لەحوجرەکانی کوردســـتان، ب١،چ١،چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشـــنبیری، هەولێر.

ابن منظور، بدون سـنة طبع,لســان العرب،الجزء الثالث عشـر،الطبعة الثالثة،أعتنى بتصـحيحه:أمين محمد– محمد الصـادق،دار إحياء التراث العربي، لبنان،

ابن منظور، بدون سـنة طبع,لســان العرب، الجزء العاشـر، الطبعة الثالثة،اعتنى بتصـحيحها: أمين محمد عبدالوهاب- محمد الصـادق العبيدى،الطبعة الثالثة، دار إحياء التراث العربي، لبنان.

اسماعيل، زبير بيلال، ١٩٨٤، علماء ومدارس في اربيل، الطبعة الاولى، مطبعة الزهراء الحديثة، موصل.

حيدرى، جوادفقى على الجوم،٢٠٠٦،محمدبن عبدالله الجلى وجهوده العلميه،مطبعه وزارة التربية،اربيل.

دائرة المعارف القرن العشرون،١٩٧١، المجلدالثالث،دارالفكر، بيروت.

سعدالدين، محمد منير،١٩٩٥، المدرسة الاسلامية فى العصور الوسطى، الطبعة الاولى، المطبعة العصرية، بيروت.

العبيدى، خالد شاكر، بدون سنة طبع ، لواء السليمانية فى عهد الثوره المباركة، بدون مكان و سنة طبع .

العزاوى، عباس،١٩٩٨، العمادية فى المختلف العصور،مطبعة وزاره الثقافة،اربيل.

الگوانى، عماد ستار،٢٠١٢، ألاجازة العلمية فى العلوم الشرعية فى كوردستان،مطبعة شهاب، أربيل.

المدرس، عبدالكريم محمد،١٩٨٣، علماؤنا فى خدمة العلم والدين،الطبعة الاولى ،دار الحرية للطباعة، بغداي.

وجدى، محمدفريد،١٩٧١،دائرةالمعارف القرن العشرون، المجلد الثالث، دار الفكر، بيروت.

عەبدوڵڵا، بەختیار خدر، ٢٠١٦ ، شـاری سـلێمانی (١٩٦٨-١٩٧٩)،نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.

کاکە ســـور، محمد عبدالله، ٢٠٠٣، گەشـــەکردنی خوێندنی فەرمی لەلیواکانی کوردســـتانی عێراقدا(١٩٢١-١٩٥٣)، دکتۆرا، (بڵاونەکراوە)کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.

کەریم، توانا ڕەشـــید ، ٢٠١٠،ســـلێمانی لەنێوان ســـاڵانی(١٩٤٥–١٩٥٨)ماســـتەرنامەیەکە(بڵاونەکراوە)کۆلێجی ئەدەبیات،زانکۆی سەڵاحەددین – هەولێر.

محمود، بەختیار سەعید،٢٠١٢، لیوای سلێمانی (١٩٢١-١٩٥٨)، دكتۆرا(بڵاونەكراوە)، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەكان، زانكۆی كۆیە.

محەمەد، ئومێد ئیبراهیم، ٢٠١٣، ڕەوشی خوێندنی ئایینی ئیسلام لەشاری سلێمانی(١٩٢٢- ١٩٥٨)، ماستەر(بڵاونەكراوە)، كۆلێژی ئاداب/ زانكۆی سەلاحەددین.

هۆمر، بەختیار مصطفی،٢٠١٦، بارودۆخی كۆمەڵایەتی باشوری كوردستان لەسەدەی نۆزدەدا،ماستەر(بڵاونەكراوە)كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەكان، بەشی مێژوو،زانكۆی ڕاپەڕین.

مام شۆڕش، ڕێباز، مێژووی پەروەردە وفێركردن لەسەنگەسەر ودەوروبەری، بڵاونەكراوە، (ئەم كتێبە لای نوسەر(ڕێباز مام شۆڕش) لەسەنگەسەر پارێزراوە.

نظامی، عمر،٢٠٠٥، یادەوەرییەكانم لەخزمەت مامۆستادا، بانگی حەق(گۆڤار) ژمارە(٢٠)،

هاوار، محمد رەسول، ٢٠٠٧، بیرەوەری(كوێرەوری وبیرەوەری هۆرەی دەروێشی یاخی لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبیدا)، ئامادەكردنی:سدیق سالح،چاپخانەی شڤان، بنكەی ژین،سلێمانی.

رەسوڵ ، خضر رەسول ، ٢٠٠٩ ، قەڵادزێ وبیرەوەریەكانم ،چ١،چاپخانەی ژیار ،سلێمانی.

زەڵمی، موستەفا ئیبراهیم،٢٠١٤،كاروانی ژیانم،چ١، ب١.

ئادەم، عبداللە وەسمان، ٢٠٠٢، وەرگرتنی بڕوانامەی مەلایەتی، پەیامی زانایان(گۆڤار)،ژمارە(٥).

جاف، اسماعیل ئیبراهیم،١٩٨٤،یاریەكانی ناوفەقێیانی جاران،كاروان،(گۆڤار)،ژمارە(٢٥).

نوردینی ، مەلا سمایلی،٢٠٠٨، شمشارە(گۆڤار)،ژمارە(٤٤).

ملا كریم، محمدی، ١٩٧٣،فەقێ وفەقێیەتی لەكوردستانی جاران، بەیان،(گۆڤار)وژمارە(٨).

مەلای ڕەش، عەزیزی،١٩٨٦،فەقێیاتی لەدەشتی هەولێر،ڕۆشنبیری نوێ،(گۆڤار)ژمارە(١١٠).

ئەمین، حسێن،١٩٧٧،نشأة الحركة التعلیمیةفی العراق واثرها فی نهضة الاداب والعلوم،مؤرخ العربی(مجلة)،ع(٤)،مطبعة الجامعة، بغداد.

القرداغی، محمد علی، شیخ عبدالله الخرپانی من خلال مخطوطات مكتبة،(مجلةالمجمع العلمی الكردی)،العددالثانی،السنه الثانیه،مطبعه المجمع العلمی الكردی، بغداد.

كاكە سور، محمد عبدالله،٢٠٠٩، ونیشتیمان بشیر محمد:التعلیم الدینی(الاسلامی )فی كوردستان العراق من (١٩٢١-١٩٥٨)،زانكۆ(مجلة)،القسم العربی،ع(٤٠).

ژین(رۆژنامە)، ١٩٧١، ژمارە(٦).

ژین:(ڕۆژنامە)، ١٩٦٠ ، ژمارە(١٥٤١).

ژین:(ڕۆژنامە)، ١٩٥٩، ژمارە(٨ ، ١٤٢٥).

وەرتی، مەلا یاسین،٢٠١١، مەلا یان مامۆستای ئایینی، پەیام(ڕۆژنامە)، ژمارە(٦٥).

ئاوەژەیی، مەلا علی ،٢٠٢١/٣/١٠،قەلادزێ.

اسماعیل، عبدالله محمود (مەلاعبداللەی ئەنجومەن)، ٢٠٢١/٦/١٣،قەلادزێ.

پیرۆت، اسماعیل موسی٢٠٢١/٦/٧،قەلادزێ.

دەلگەیی، مەلا محمد ، ٢٠٢٠/١٢/١٩، ڕانیە.

دێلۆی، مەلاعبدالله ، ٢٠٢١/٣/١٠،گوندی دێلۆ.

ڕەسوڵ، صالح ڕەشید ٢٠٢٠/١٠/٢٦.

سعید، أحمد عبدالله (مەلا أحمدی خانەقا)، ٢٠٢١/٣/٤،قەلادزێ.

سۆفی، طیب آحمد ،٢٠٢١/٣/١٠، ڕانیە.

سێمان، عبدالله حاجی ،٢٠٢١/٦/٥، لەقەلادزێ.

سەلیم،ڕەسوڵ سەلیم،٢٠٢١/٦/٧،قەلادزێ.

شێخە،مستەفا سەلیم،٢٠٢١/٦/٧،قەلادزێ

صالح ، أحمد قادر سەعید ،٢٠٢١/٢/٧، سلێمانی.

عفدالفتاح، حمیدآحمد ،٢٠٢١/٦/١١، قەلادزێ.

علی، محمد علی،٢٠٢١/٦/٧،قەلادزێ

عوسمان، خدر ممند صالح ٢٠٢٠/١٢/٤،گوندی پێماڵک.

**پاشکۆی ژمارە(١) ساڵی بنیادنان حوجرە و مامۆستای وانەبێژ لەحوجرەکانی پشدەر دەردەخات کە تانزیکی ساڵی(١٩٨٩)بەردەوامیان هەبوە.**

| ژ | شوێنی حوجرە | ساڵی بنیادنان | مامۆستای حوجرە |
|---|---|---|---|
| ١ | گوندی قەرەتەپە | ١٩٣٩ | مەلا عمر عزیز |
| ٢ | گوندی ممنداوە | ١٩٤٠ | مەلا ایسماعیل |
| ٣ | گوندی چنارنە | ١٩٥٠ | مەلا خدر چنارنەی |
| ٤ | گوندی بێگەلاس | ١٩٥١ تا١٩٧٩ بەردەوام بوە | مەلا حاجی، مەلا محمد |
| ٥ | گوندی سورەدێ | ١٩٥٢ | مەلا موسا محمد |
| ٦ | گوندی قڕناقە | ١٩٥٣ | مەلا قادر |
| ٧ | گوندی گربداغ | ١٩٥٢ | مەلا عبدالله سعید |
| ٨ | گوندی چۆمخرکە | ١٩٥٢ | مەلا برایم – مەلا محمدی چۆمخرکەیی |
| ٩ | گوندی نورەدین | ١٩٥٣ | محمدی نورەدینی،محمد گردەشیخاڵی |
| ١٠ | گوندی دێرێ | ١٩٥٣ | مەلا عبدالله قامیشی،مەلا عبدالله حسن |
| ١١ | مزگەوتی گەورەی قەڵادزە | ١٩٥٤ | مەلامحمد باڵەیی |
| ١٢ | گوندی گەناو | ١٩٥٥بۆجاری دووەم | مەلا صاڵحی بێژوەی |
| ١٣ | گوندی گەرمکان | ١٩٥٦ | مەلای محمدی ڕەش |
| ١٤ | گوندی هێرۆ | ١٩٥٦ تا١٩٧٩ بەردەوام بوە | مەلا حمدأمین بیلال |
| ١٥ | گوندی مەرگە | ١٩٥٧ | مەلا محرم، مەلا احمد |
| ١٦ | گوندی میرزاڕۆستەم | ١٩٥٧ | مەلا عوڵا گەناوی |
| ١٧ | گوندی سۆفیان | ١٩٥٧ | مەلا قادر هێرۆیی |
| ١٨ | گوندی نۆڵچکە | ١٩٥٨ | سەید محمود علی |
| ١٩ | ژاراوە | ١٩٥٨ | مەلا سەید سلێمان |
| ٢٠ | سەنگەسەر | ١٩٥٨ | مەلا عبداللەی مامەش |
| 21 | گوندی شارستێن | ١٩٥٨ | مەلارەسوڵ شارستێنی |
| ٢٢ | گوندی پێماڵک | ١٩٥٩ | مەلا حسێن پێماڵکی |
| ٢٣ | گوندی هورێوە | ١٩٥٩ | مەلا محمد علی تەنها هاوینان |
| ٢٤ | گوندی باوزێ | ١٩٦١ تا١٩٧٩ بەردەوام بوە | مەلا ڕەسوڵی باوزێی |
| ٢٥ | گوندی پشتئاشان | ١٩٦٢ | کاکەملا،محمدی مرەیی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٦ | گوندی سندۆلان | ١٩٦٢ | سەید آحمد پەپولە – حسێن دەشتێوی |
| ٢٧ | گوندی شێخ ئاودەلان | ١٩٦٣ | مەلا عبداللە |
| ٢٨ | گوندی دووگۆمان | ١٩٦٤ | مەلا احمد سلێمان |
| ٢٩ | گوندی سەیدأحمدان | ١٩٦٥ | مەلا خدر،آحمد شێخە ،حسێن دەشتێوی |
| ٣٠ | گوندی سیدەلان | ١٩٦٧ | مەلا عبداللەی حاجی بایز |
| ٣١ | مزگەوتی مەلا سەید | ١٩٦٩ | مەلا سەیدأحمد پەپولە |
| ٣٢ | مزگەوتی مەلا سعدی | ١٩٧٢ | مەلا محمد چۆم خرکەیی |
| ٣٣ | گوندی لێوژە | ١٩٧٣ | مەلا سەدیقی بۆلی |
| ٣٤ | مزگەوتی ئازادی | ١٩٧٣ | مەلا حسێنی ریش |
| ٣٥ | گەرەوکی مامقاسمە | ١٩٧٣ | مەلا محمدئەمین حسن داود |
| ٣٦ | گوندی گردەسپیان | ١٩٧٩ | مەلا محمدی سور |
| ٣٦ | مزگەوتی تووەسوران | ١٩٧٩ | مەلا حەسەنی کانی تووێ |
| ٣٨ | مزگەوتی سەید آحمدییان | ١٩٨١ | مەلا آحمد گردەشیخالی |
| ٣٩ | گوندی دەشتێو | نەزانراو | مەلاحسێن دەشتێوی – مەلا تەیب |
| ٤٠ | گوندی زەنگلان | نەزانراو | مەلا خدری سور |
| ٤١ | مزگەوتی گەرەکی کانی سەردەشتی لەمەرگە | نەزانراو | مەلا محمد سورمەیی |
| ٤٢ | گوندی بەردەکۆز | نەزانراو | مەلا خدر بەردەکۆزی |
| ٤٣ | گوندی دیلێژە | نەزانراو | مەلا قادر |
| ٤٤ | گوندی شەروێت | نەزانراو | مەلا قادر کامەریانی |
| ٤٥ | گوندی سپیۆرۆ | نەزانراو | مەلا خدر |
| ٤٦ | گوندی حەسار | نەزانراو | مەلا ابراهیمی حداد |

دیدار لەگەڵ: علی ئاوەژەیی، قەلادزێ،٢٠٢١/٣/١٠ ؛ أحمد عبداللە ســـعید(مەلا أحمدی خانەقا) ،قەلادزێ،٢٠٢١/٣/١٤؛ مەلا عبداللەی دیلۆ، گوندی دیلۆ،٢٠٢١/٣/١٠،خدر ممند صالح عوسمان، گوندی پیماڵک٢٠٢٠/١٢/٤؛ صالح رەشید رەسوڵ، قەلادزێ، ٢٠٢٠/١٠/٢٦؛ حمید أحمد عفدالفتاح قەلادزێ٢٠٢١/٦/١١؛ عبداللە محمود اســـماعیل أحمد، قەلادزێ،٢٠٢١/٦/١٣ ؛ بۆزانیاری زیاتر بروانە: ئەحمەد مەلا صـــالح مەلانەجیب بێژوەی، خواناســـان و زانایان و ناودارانی کورد لەناوچەی ئالانی ســـەردەشـــت و پشـــدەر، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم،٢٠٠٦، ل١٢٩؛ مەلا صالح مەلانەجیب بێژوەی، بەرگی سێەم، چاپی یەکەم،٢٠١٣، ل، ل٢٢٠،١٩٨.

**پاشکۆی ژمارە (٢) ناوی ناوەندەکانی خوێندن وساڵی دروستکردنیان لەقەزای پشدەر(١٩٥٦–١٩٨٩).**

| ژ | ناوی قوتبخانە | گەرەک+گوند | ساڵی بنیادنان |
|---|---|---|---|
| ١ | چنارنەی سەرەتایی | گوندی چنارنە | ١٩٥٦–١٩٥٧ |
| ٢ | کانی توو سەرەتایی | گوندی کانی توو | ١٩٥٦–١٩٥٧ |
| ٣ | قەرەتەپە و ممنداو | گوندی ممنداوە | ١٩٥٦–١٩٥٧ |
| ٤ | شارستێنی سەرەتایی | گوندی شارستێن | ١٩٥٦–١٩٥٧ |
| ٥ | نورەدینی سەرەتایی | گوندی نورەدین | ١٩٥٦–١٩٥٧ |
| ٦ | بێگەلاسی سەرەتایی | گوندی بێگەلاس | ١٩٥٧–١٩٥٨ |
| ٧ | هێرۆی سەرەتایی | گوندی هێرۆ | ١٩٥٧–١٩٥٨ |
| ٨ | ئاسۆسی سەرەتایی | گەرەکی کارەبا | ١٩٥٧–١٩٥٨ |
| ٩ | هەڵشۆی سەرەتایی | گوندی هەڵشۆ | ١٩٥٧–١٩٥٨ |
| ١٠ | قەلادزێی سەرەتایی کچان | گەرەکی کارەبا | ١٩٥٧–١٩٥٨ |
| ١١ | سەنگەسەری سەرەتایی | سەنگەسەر | ١٩٥٨ |
| ١٢ | دواناوەندی قەلادزێی کوران | گەرەکی کارەبا | ١٩٥٨ |
| ١٣ | زانستی سەرەتایی | گەرەکی خانەقا | ١٩٥٨–١٩٥٩ |
| ١٤ | گردەسپیانی سەرەتایی | گوندی گردەسپیان | ١٩٥٨–١٩٥٩ |
| ١٥ | پشتئاشانی سەرەتایی | گوندی پشتئاشان | ١٩٦١ |
| ١٦ | قەلادزێی سەرەتایی کوران | گەرەکی کارەبا | ١٩٦١–١٩٦٢ |
| ١٧ | قەندیلی سەرەتایی | گەرەکی کارەبا | ١٩٦٤–١٩٦٥ |
| ١٨ | هەنجیرەی سەرەتایی | گوندی هەنجیرە | ١٩٦٥–١٩٦٦ |
| ١٩ | ژاراوەی سەرەتایی | ژاراوە | ١٩٦٥–١٩٦٦ |
| ٢٠ | نۆڵێچکە سەرەتایی | گوندی نۆڵێچکە | ١٩٦٧–١٩٦٨ |
| ٢١ | جوتکانیان سەرەتایی | گەرەکی کارەبا | ١٩٦٧–١٩٦٨ |
| ٢٢ | ناوەندی سەنگەسەر | سەنگەسەر | ١٩٧٠ |
| ٢٣ | گوڵزاری سەرەتایی کچان | گەرەکی خانەقا | ١٩٧٠ |
| ٢٤ | بەستەستێنی سەرەتایی | گوندی بەستەستێن | ١٩٧١ |
| ٢٥ | ئێندزەی سەرەتایی | گوندی ئێندزە | ١٩٧١–١٩٧٢ |
| ٢٦ | هەڵگوردی سەرەتایی | گەرەکی جوتکانیان | ١٩٧١–١٩٧٢ |
| ٢٧ | سوڵتانەدێی سەرەتایی | گوندی سوڵتانەدێی | ١٩٧١–١٩٧٢ |
| ٢٨ | لێوژەی سەرەتایی | گوندی لێوژە | ١٩٧١–١٩٧٢ |
| ٢٩ | باخچەی ساوایانی قەلادزێ | گەرەکی کارەبا | ١٩٧٢ |
| ٣٠ | ناوەندی قەلادزێی کچان | گەرەکی کارەبا | ١٩٧٢ |
| ٣١ | هەرمێنی سەرەتایی | گەرەکی جوتکانیان | ١٩٧٤ |
| ٣٢ | پشدەری سەرەتایی | گەرەکی کارەبا | ١٩٧٤ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٣ | بەستێ سەرەتایی | گوندی بەستێ | ١٩٧٥ |
| ٣٤ | میرزا رۆستەمی سەرەتایی | سەنگەسەر | ١٩٧٦ |
| ٣٥ | دەروکۆتری سەرەتایی | گوندی دەروکۆتر | ١٩٧٨ |
| ٣٦ | کۆسرەتی سەرەتایی | ئۆردوگای ژاراوە | ١٩٧٨ |
| ٣٧ | زرنگی سەرەتایی | ئۆردوگای پیماڵک | ١٩٧٩ |
| ٣٨ | کویستانی کچان | ئۆردوگای پیماڵک | ١٩٧٩ |
| ٣٩ | ساوێنی سەرەتایی | ئۆردوگای پیماڵک | ١٩٧٩ |
| ٤٠ | ئاوازی سەرەتایی | ئۆردوگای تومسوران | ١٩٧٩ |
| ٤١ | بلفەتی سەرەتایی | ئۆردوگای پیماڵک | ١٩٧٩ |
| ٤٢ | دواناوەندی قەڵادزێی ئێواران | گەرەکی خانەقا | ١٩٧٩ |
| ٤٣ | زوورکانی سەرتایی | گوندی زوورکان | ١٩٧٩ |
| ٤٤ | بناری سەرەتایی | ئۆردوگای پیماڵک | ١٩٧٩ |
| ٤٥ | ناوەندی ئاسۆسی کوران | گەرەکی کارەبا | ١٩٧٩ |
| ٤٦ | ئامادەی قەڵادزێی کوران | گەرەکی کارەبا | ١٩٧٩ |
| ٤٧ | توومسورانی سەرەتایی | ئۆردوگای تومسوران | ١٩٧٩ |
| ٤٨ | هەڵاڵەی سەرەتایی | ئۆردوگای بەستەستێن | ١٩٨٠ |
| ٤٩ | شیلانەی سەرەتایی | ئۆردوگای بەستەستێن | ١٩٨٠ |
| ٥٠ | چواسی سەرەتایی | ئۆردوگای بەستەستێن | ١٩٨٠ |
| ٥١ | بەهاری سەرەتایی | ئۆردوگای تومسوران | ١٩٨٠ |
| ٥٢ | شادانی سەرەتایی کچان | گەرەکی کارەبا | ١٩٨٠ |
| ٥٣ | بەفرینی سەرەتایی | ئۆردوگای پیماڵک | ١٩٨٠ |
| ٥٣ | ڕاژانی سەرەتایی | ئۆردوگای تومسوران | ١٩٨٠ |
| ٥٤ | ناوەندی بەستەستێن | ئۆردوگای بەستەستێن | ١٩٨٥ |
| ٥٥ | دواناوەندی تووە سوران | ئۆردوگای تومسوران | ١٩٨٧ |
| ٥٦ | ڕاژانی ناوەندی | ئۆردوگای تومسوران | ١٩٨٧ |
| | | | |

سەرچاوە: سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوەندەکانی خوێندن لەبەرواری٢٠٢٠/١١/١٥ و ٢٠٢٠/١١/٢٠؛ حسن حسێن پیرۆت و ئەوانی تر: سەرچاوەی پێشو، ل٣٨؛ ڕێباز مام شۆرش: سەرچاوەی پێشو، ل٢٦؛ دیدار لەگەڵ علی محمد علی، قەڵادزێ،٢٠٢١/٦/٧؛ اسماعیل موسی پیرۆت، قەڵادزێ،٢٠٢١/٦/٧؛ مستەفا سەلیم شێخە: قەڵادزێ،٢٠٢١/٦/٧؛ سەلیم ڕەسوڵ سەلیم: قەڵادزێ،٢٠٢١/٦/٧؛ عبدالله حاجی سێمان، قەڵادزێ،٢٠٢١/٦/٥؛ شمشارە(گۆڤار)، ژمارە٤٤،